گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(1).Paper29
ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٠١/٠٥
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٣/١٣
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٢/٢٩

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبونی دەنگی پارتەکان لەبازنەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق(2021)

## (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەڵبژاردن)

**پشتیوان احمد حمد[1] - پ.ی.د. یادگار عبدالله علی[2]**
yadgar.abdullah@koyauniversity.org - pshtiwanahmed1985@gmail.com
[1]پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2]بەشی جوگرافیا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

جوگرافیای هەڵبژاردن؛ لێکۆڵینەوە دەکات سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن و دابەشکاری بازنەکانی هەڵبژاردن وبنکە و وێستگەکانی دەنگدەران و سەرژمێری دانیشتوان و تۆماری دەنگدەران و یاسای هەڵبژاردن هەر فاکتەرێکی تری جوگرافی کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریان هەبێت لەسەر پرۆسەکە. هەر بۆیە جوگرافیای هەڵبژاردن هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی دەنگی پارت و کاندیدەکانی بەشداربوی پرۆسەکە، گرینگی توێژینەوەکە لەوەدایە **کە** ئەم هەڵبژاردنە؛ پێشوەختەو جێبەجێکردنی داواکاری خۆپیشاندانەکانی شاری بەغداد بو لەساڵی 2021، هەروەها یەکەمجارە لەعێراق و هەرێمی کوردستان فرەبازنەیی تەواوەتی پیادەبکرێت. ئامانجەکانی توێژینەوەکە ئاشنابونە بەسیستەمی فرەبازنەیی و شیکردنەوەی دەنگی پارتەکان و گۆڕانکاری لەنەخشەی دابەشبونی کورسییەکانی هەڵبژاردندا. گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە بەرزی ئاستی ڕێژەی بەشدارینەکردنی دەنگدەران کە (48%)ی کۆی ژمارەی دەنگدەران بو، بەشێکی زۆر لەم ڕێژەیە دەنگی پوچەڵە، یەکێک لەباشیەکانی فرەبازنەیی، نوێنەرایەتی جوگرافی زیاتر تێدا بەرجەستە دەبێت. لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی هەریەک لە میتۆدی شوێنی و شیکردنەوەمان کردوە، بۆ شیکردنەوە لە ئەنجامەکانی پرۆسەکە.

**کلیلە وشەکان:** تۆماری دەنگدەران، دەنگی پوچەڵ، بازنەکانی هەڵبژاردن، دەنگدەر، وێستگە.

## 1. پێشەکی:

جوگرافیای هەڵبژاردن وەک ئاڕاستەیەکی نوێ لە زانستی جوگرافیادا، کە بەلایەنی پڕاکتیکی جوگرافیای سیاسی دادەنرێت، هەوڵدەدات دابەشبونی ناوچەکانی پاڵپشتی هەریەک لە پارتە سیاسیەکانی بەشدار لە پرۆسەی هەڵبژاردن دیاری بکات. و خوێندنەوە بۆ وڵات دەکات لەسەر ڕوی زەوی، بەمەبەستی کێشانی نەخشەی سیاسی پارتەکان لەسەر ئاستی ناوچەکاندا، ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی شکست و سەرکەوتنی لایەن و قەوارە بەشداربوەکانی هەڵبژاردنەکە. لەم توێژینەوەیەدا شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق خولی پێنجەمی ساڵی (2021) دەکەین، بەتایبەت لەسەر ئەنجامی دەنگی ئەو لیست و پارت و هاوپەیمانانەی دەکەونە بازنەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بایەخی تایبەتی هەیە، چونکە لەم ڕێگەوە پارتە سیاسییەکان دەتوانن بەرنامەی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی ئایندە باشتر دابڕێژن، لەکاتێکدا ئەمە یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردنە لە دوای سیستەمی تازەی حوکمڕانی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس وڵات بکرێت بە فرەبازنەیی تەواو.

### 1-1 کێشەی توێژینەوەکە:

1. ئایا سیستمی فرەبازنەیی و گۆڕانکاری لەژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن کاریگەری لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکە هەیە.
2. ڕێژەی بەشداری دەنگدان و دابەشبونی دەنگی پارتەکان و جیاوازیان لە نێوان سنوری بازنەکان و ناوچەی پشتیوانی.
3. ئایا دەستنیشانکردنی سنوری بازنەکانی هەڵبژاردن گونجاوە لەگەڵ پێوەرە جوگرافی و کارگێڕییەکان؟

### 1-2 گریمانەی توێژینەوەکە:

1. ئایا دابەشکردنی سنوری جوگرافی بازنەکانی هەڵبژاردن ڕەچاوی پێوەری ستاندارد و قەبارەی دانیشتوان و ڕوبەری جوگرافی کراوە؟
2. ئایا تێگەیشتین لە سیستمی فرەبازنەیدا نوێنەرایەتی جوگرافی زیاتر بەرجەستە دەبێت و دەتوانێت بە ئاسانتر بگەیت بەنوێنەری هەڵبژێردراوی خۆت؟
3. ئایا ژمارەی نوێنەرانی هەرێمی کوردستان زیادیکردوە بەراورد بەهەڵبژاردنی پێشوی ئەنجومەنی نوێنەران؟ دەنگی پارتەکان و کەمی ڕێژەی بەشداری دەنگدەران و گۆڕانکاری لەبەدەستهێنانی کورسی ڕویداوە؟

### 1-3 گرینگی توێژینەوەکە:

گرینگی هەر توێژینەوەیەکە خۆی دەبینێتەوە لەوەی **کە** ئەم هەڵبژاردنە و یاسـایەکەی خواسـت و داواکاری خۆپیشـاندانەکانی شـاری بەغداد بو، کە لە سـاڵی 2021 یەکێک لە داواکاریەکانیان بو، هەروەها ئاشـنابون بە دابەشـبونی بازنەکانی هەڵبژاردن لەم پرۆسـەیەدا، کە یەکەمجارە لەعێراق و هەرێمی کوردسـتان فرەبازنەیی پیادەبکرێت، لـەم هـەڵبژاردنـە گۆڕانکاری لـەژمـارەی بـازنـەکـان کرا بۆ ئـەوەی نوێنـەرایـەتی جوگرافی زیـاتر بەرجەستەبێت و یەکسانی تێدابێت.

### 1-4 ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

1. ئاشنابون بەگۆڕینی یاسای هەڵبژاردن و بەکارهێنانی سیستمی فرەبازنەیی لەهەڵبژاردنەکە.
2. چۆنیەتی دابەشبونی جوگرافی دەنگی پارتەکان لەسەر ئاستی بازنەو پارێزگاکان.
3. دیاریکردنی ئاستەکان لەبەرزونزمی دەنگی پارتەکان و هۆکارەکانی.
4. ئاشنابون بە چۆنیەتی دابەشبونی بازنەکانی هەڵبژاردن و شێوە و میکانیزمی دەستنیشانکردنیان.
5. گۆڕانکاری لەنەخشەی دابەشبونی کورسییەکانی هەڵبژاردن و دەنگی پارتە ڕامیارییەکان.

### 1-5 میتۆدی توێژینەوەکە:-

هەر توێژینەوەیەکی ئەکادیمی پێویسـتـە پەیڕەوی میتۆدێک یاخود زیاتر بکات، لەپێناو گەیشـتـن بە ئامانجی توێژینەوەکە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی هەریەک لە میتۆدی شوێنی و ڕوپێویمان کردوە، بۆ شیکردنەوە لە ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ بازنەکانی هەرێمی کوردستان.

## 2- شوێنی جوگرافی و پێوەری تەکنیکی و دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن

### 2-1 پێگە و شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە

سـنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە هەرێمی کوردسـتانە کە چەمکێکی جوگرافیای سـیاسـییە، بەو بەشـە جوگرافیایەی کوردستانی عێراق دەگوترێت، کە لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (1991) کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی (محمد رؤوف، 2013، 112)، یاخود ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە تاوەکو پێش ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە (2003/3/19) لەژێر فەرمانڕەوایی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بوە، لە دەسـتوری هەمیشـەیی عێراقدا، لە بەندی پێنجەم، مادەی (117) هاتوە (ئەم دەسـتورە لە ڕێکەوتی پیادەکردنیەوە دانی بەهەرێمی کوردسـتان و ئەو دەسـەڵاتەی ئێسـتایدا دەنێت وەک هەرێمێکی فیدڕاڵی (دەسـتوری هەمیشـەیی عێراق، بەندی پێنجەم، مادەی 117، 2005). هەڵکەوتەی شوینی ئەستڕۆنۆمی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (37 20º – 34 22º) باکور و هێڵەکانی درێژی (01´46 16º) خۆرهەڵات، نەخشەی ژمارە (1). لەڕوی

کارگێڕییەوە هەریەک لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە) دەگرێتەوە، ڕووبەرەکەی بەنزیکەیی بریتییە لە (46.861)کم$^2$ (محمد خ.، 1999، 147).

دراوسـێیەتی هەرێم لەگەڵ هەریەکە لەوڵاتان لە ڕۆژهەڵاتەوە ئێران، لەباکورەوە تورکیا، لە ڕۆژئاواوە سـوریا سنوری نێودەڵەتی پێکدێنێت، هەروەها درێژی لەگەڵ سنوری پارێزگاکانی عێراق بریتییە لە (740)کم.

نەخشەی ژمارە (1) پێگە و شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی عێراق




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە: (وزارة الموارد المائية، 2008).

## 2-2 ژمارەی دانیشتوان و دابەشبونی جوگرافی دەنگدەران لەهەرێمی کوردستان

بەپێی جارنامەی مافەکانی مرۆڤی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان، هەمو تاکێک مافی بەشداریکردنی لەبەڕێوەبردنی کاروباری گشتی ولاتەکەی هەیە، جا راستەوخۆبێت یاخود لەڕێگەی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیەوە کە هەڵیانبژاردوە، لەخاڵی (3)ی مادەی (21)ی جارنامەکەدا هاتوە، ئیرادەی گەل سەرچاوەی دەسەلاتە، ئەم ئیرادەیەش لەهەڵبژاردنێکی پاک بەرجەستە دەبێت، دەنگدان دەبێت نهێنی یان هاوشێوەکەی بێت، کە تیایدا ئازادی پرۆسەی دەنگدان مسۆگەر بکات (الامم المتحدە حقوق الانسان، 2020).

بۆیە لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا ئەم مافە لەدەستوری هەمیشەی عێراقدا ئاماژەپێکراوە، و یاسای هەڵبژاردنی (ژمارە9ی ساڵی 2020) لە بەشی دوەم، مادەی پێنجەم خاڵی سێیەم هاتوە (هەڵبژاردن مافی گشت عێراقییەکە، کە تەمەنی 18 ساڵی تەواوکردبێت لەو ساڵەی هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام دەدرێت) بۆ زانیاری زیاتر ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەرێمی کوردستان بۆ خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەران، لە خشتەی ژمارە (1) خراوەتەڕو.

ژمارەی دانیشتوان بۆ ساڵی(2021) کە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان خستویەتیەڕو، نەخشەی ژمارە(2) تێیداهاتوە، بۆ هەر سێ پاریزگاکەی هەرێمی کوردستان (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەجیا ئاماری پارێزگای هەڵەبجەی خستوەتەڕو، بەلاَم ئێمە بۆ ئەم توێژینەوەیە ژمارەی هەردو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەمان کردوە بەیەک، بۆ ئەوەی کێشە لەدابەشکاریەکە دروست نەبێت)، کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان (6.171.083) شەش ملیۆن و سەد و حەفتا و یەک هەزار و هەشتا و سێ کەسە. زۆرترین ژمارەی دانیشتوان کەوتوەتە پارێزگای سلێمانی کە بەپلەی یەکەم دێت دەگاتە (2.268.050) کەسە و بەرێژەی (36.75%)ی دانیشتوان پێکدێنێت، بەپلەی دوەم پارێزگای هەولێر دێت کە (2.254.422) کەسە بەرێژەی (36.53%) دانیشتوان، لەپلەی سێیەمیش پارێزگای دهۆک دێت کە ژمارەیان (1.648.611) کەسە، بەرێژەی (26.71%)ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پێکدێنێت (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، 2020).

خشتەی ژمارە (1)

ژمارەی دانیشتوان ودەنگدەرانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی (2021)

| پارێزگا | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی دانیشتوان (%) | ژمارەی دەنگدەران | ڕێژەی دەنگدەران (%) |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 2254422 | %36.5 | 1151420 | %35.1 |
| سلێمانی | 2268050 | %36.8 | 1293707 | %39.5 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دهۆک | 1648611 | %26.7 | 832424 | %25.4 |
| کۆی گشتی | 6171083 | %100 | 3277551 | %100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران، بەسود وەرگرتن لە: داتای دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان2020، داتای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ساڵی 2021.

بۆ ئەم هەڵبژاردنە پارێزگای سلێمانی زۆرترین ژمارەی دەنگدەریشی هەیە کە (1.293.707) دەنگدەرە، بەرێژەی (%39.5) کۆی گشتی ژمارەی دەنگدەران پێکدەهێنێت، دوای ئەو پارێزگای هەولێرە کە (1.151.420) دەنگدەری هەیە، بەرێژەی(%35.1)، کەمترین ژمارەی دەنگدەرانیش لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان کەوتوەتە پارێزگای دهۆک کە (832.424) دەنگدەرە، بەرێژەی (%25.4) دەنگدەران، دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بۆ خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق(2021) کە بەسەر (83) هەشتاوسێ بازنەدا دابەشبوو بریتییە لە (3.277.551) لەکۆی (6.171.083) ژمارەی دانیشتوان، دەکاتە بەرێژەی (%53.11) کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کە مافی دەنگدانیان هەبوە، لەو ژمارەیەش (1.601.730) دەنگدەر بەشدارییان لە پرۆسەکەدا کرد کە دەکاتە بەرێژەی (%48.87)ی دەنگدەران، بەسەر هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بەم شێوە دابەشبوە، هەولێر (585,208) دەنگدەر، بەرێژەی (%50.8). سلێمانی (526.573) دەنگدەر، بەرێژەی (%40.6). دهۆک (489.949) بەرێژەی (%58.8) بو بەشداربون لە پرۆسەکەدا.

نەخشەی ژمارە (2)

ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 2021




سەرچاوە: کاری توێژەران، بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (1)، داتای دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ساڵی2020.

### 3-2 ناساندنی یاساو بازنەکانی هەڵبژاردن

#### أ- یاسای هەڵبژاردن

بەر لە هەر پرۆسـەیەکی هەڵبژاردن پێویسـتە ئامادەکاری بکرێت بۆ دەرچواندنی یاسـایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنەکە، یاخود یاسـاکەی پێشـو بەرکاربێت یان هەموار بکرێتەوە، کە لەگەڵ بارودۆخەکە گونجاوبێت. لەرۆژگاری ئەمڕۆدا یاسـای هەڵبژاردن گرینگی و ڕۆڵی خۆی هەیە لە پرۆسـەی هەڵبژاردندا، لەبەرئەوەی دەستپێکێکە دەکەوێتە سەر خاڵی بەیەکگەیشتنی یاسای دەستوری و زانستی سیاسی (البرزنجي، 2003، 63). سـەبارەت بەم هەڵبژاردنە کە هەڵبژاردنی پێشـوەختەیە، یاسـای هەڵبژاردن یاسـای سـەرەکی ڕێکخسـتنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران پێکدێت لە یاسـای هەڵبژاردنەکانی مانگی 9ی 2020، و یاسـای کۆمسـیۆنی باڵای سـەربەخۆیی هەڵبژاردنەکانی 31ی2019، یاسـای پارتە سـیاسـییەکان، یاسـای 36ی2019، یاسـای دادگای فیدڕاڵی 30ی 2005 کە بەم دوایە هەموارکرایەوە لەمانگی ئازاری 2021 کە چوارچێوەی تەواوکاری ڕێساکانە.

بەڵام لە دەسـتوری عێراقدا هەڵبژاردنی پێشـوەخت بە دەقێکی ئاشـکرا ڕێکنەخراوە، هەرچەند ئەزمونێکی نوێیە بۆ عێراق، بەڵام دەتوانین بە پرۆسـەیەکی ئەرێنی ئەژماری بکەین، کە لە زۆرێک لە وڵاتاندا پەنا بۆ ئەم جۆرە لە هەڵبژاردنە دەبرێت، کاتێک چارەسـەری کێشـەکانی وڵات ئاڵۆزدەبن. بۆ پرۆسـەی هەڵبژاردنی ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای پێشو هەموارنەکرایەوە، بەڵکو یاسایەکی تازە دانرا بۆ پرۆسەکە، یاساکە دەرهاویشتەی خۆپیشاندانەکانی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (2019)ی گۆڕەپانی تەحریر بو، یاساکە لە نۆ بەش و پەنجا مادده پێکهاتوە، لەم یاسـا نوێیەدا خۆپاڵاوتن بەشـێوەی تاکەکەسـی دەبێت لەناو یەک بازنەی هەڵبژاردندا، پاڵێوراوەکان بەپێی ژمارەی ئەو دەنگەی بەدەسـتیانهێناوە لە زۆرەوە بۆ کەم ڕیزبەندی دەکرێت، ئەو پاڵێوراوەی زۆرترین دەنگی بەدەسـتهێناوە، بەپێی سـیسـتمی براوەی یەکەم کورسـییەک دەباتەوە (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، 2021). ڕۆڵ و گرینگی سیستمی هەڵبژاردنی وڵاتێک هیچی کەمتر نییە لە ڕۆڵی دەسـتورەکەی، بۆیە دەسـتنیشـانکردنی جۆری سـیسـتمی هەڵبژاردن لەناوەڕۆکدا پرسـێکی سـیاسـییەو لەپاڵیدا کۆمەڵێک فاکتەری مێژویی و کەلتوریی سـازان و ڕێککەوتنی سـیاسـی نێوان پارتە سـیاسـییەکان ڕۆڵی تێدا دەگێڕن (جەمال و محمد، 2014، 9).

#### ب-بازنەکانی هەڵبژاردن

بازنەکانی هەڵبژاردن یەکێکە لە ڕێکارەکانی دەسپێکی پرۆسەی هەڵبژاردن، یەکەیەکی هەڵبژاردنی سەربەخۆیە، دەنگدەرەکانی ئەوانەی کە ناویان تۆمارکراوەو مافی دەنگدانیان هەیە تێیدا نوێنەرێک یان زیاتر بۆ ئەنجومەنی نوێنەران هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی بتوانرێت پرۆسـەی هەڵبژاردن کۆنترۆڵ بکرێت، پێویسـتە دەوڵەت بەگوێرەی

قەبارەی یەکە کارگێڕییەکانی دابەشبکرێت بۆ بازنەی هەڵبژاردن، ئەمەش بەپێی یاساو سیستمی دەوڵەتەکەو بەگوێرەی دیدو تێڕوانینی یاسادانەرانی ئەو وڵاتەو قۆناغی ڕاگوزەری سیستەمە سیاسیەکەی، هەروەها پێویستە دابەشکردنەکە دادپەروەری لەشوێنی جوگرافی و قەبارەی دانیشتوان و ژمارەی نوێنەرانیش بکرێت (فتح الله و ڕەسول، 2016، 399).

## 1- هەڵسەنگاندن بۆ ئەنجامی بازنەکانی هەرێمی کوردستان

### 1-3 هەڵسەنگاندنی جوگرافی بۆ بازنەکانی پارێزگای هەولێر

ئەم پارێزگایە پایەتەختی هەرێمی کوردستانە، بەیەکێک لە کۆنترین شارەکانی جیهان دادەنرێت، کە مێژوی بنیادنانی دەگەڕێتەوە بۆ (6000) هەزار ساڵ پێش زاین. ئەم شارە دەکەوێتە هێڵی پانی 36 پلە باکور و هێڵی درێژی 44 پلە لەڕۆژهەڵات، ڕوبەرەکەی پێکدێت لە (14.872) کیلۆمەتر چوارگۆشە (5.742 میلی چوارگۆشە)، لە (10) دە قەزا پێکدێت، ناوەندی قەزای هەولێر سەنتەریەتی، بەرزترین بەرزایی(3607)مەترە دەکاتە (11.834) پێ، ژمارەی دانیشتوانی بۆ ساڵی 2020 بریتییە لە (2.254.422)، چڕی دانیشتوان(151) کەس لە کیلۆمەترێک چوارگۆشەدا نیشتەجێیە، هەریەک لە پێکهاتەی کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوری و ئەرمەن نیشتەجێن تێیدا (کوردستان، دەستەی ئاماری هەرێم، وەزارەتی پلاندانان، یەکە کارگێڕییەکانی هە رێمی، 2007).

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بەڕێژەیەکی بەرز لەم پارێزگایەدا بەکۆمەڵگەیەکی داخرا و عەشیرەت و خێڵەکی دادەنرێت، بەهۆکاری ئەوەی داگیرکەران هەمیشە هەوڵی قڕکردنی میللەتی کوردیان داوە، بۆیە ئەمانیش بۆ پارێزگاری لەخۆیان لە چوارچێوەی عەشیرەتێک یان خێڵێک کۆبونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا عەشیرەت و تیرە و هۆزەکان بونەتە سەرچاوەی ڕوانگەی بیر و بۆچونی تاکی کۆمەڵگە و شانازیکردن و چاوگی هەست و سۆزیان (عوسمان، نەوزاد ، 2012، 202)، بۆیە ئەم خێڵ و عەشیرەتەنە لەسەردەمی ئێستادا زیاتر زیندو کراوەتەوەو بەکاردەهێنرێن بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن و کۆکردنەوەی دەنگ بۆ پارتە سیاسیەکان، کە بەڕونی لەم هەڵبژاردنەدا لە بازنەی یەکی ئەم پارێزگایە بەدیدەکرا.

دابەشکاری بۆ شێوازی بازنەکان بەشێوەیەک نا یەکسانی تێدا بەدیدی دەکرێت، کە بەئاسانی هەستی پێدەکرێت، ئەگەر سەیری بازنەی دوی ئەم پارێزگایە بکەیت تێدەگەیت بۆ مەبەستی پارتێک بازنەکە کێشراوە، بەو پێیەی کۆیە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر بەدوری 70کم، بەڵام قەزای خەبات دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای سەنتەری شاری هەولێر، بۆیە بەستنەوەی ئەم دو قەزایە کە لەناوەڕاستیان دو بازنەی تر هەیە لەسەنتەری قەزای هەولێر هەریەکە لەبازنەکانی (3 و4) ئەوە پێمان دەڵێت نەخشەکێشان بۆ ئەم بازنە بەبێ

خوێندنەوەی پێشوەختە نەبوە، چونكە لەڕوی جوگرافییەوە هاوسنور نییە، بەڵكو بۆ هاوسەنگی دەنگ بوە، كە شـــاری كۆیە ناوچەی نفوزی هەریەک لە (یەكێتی و گۆڕان و نەوەی نوێیە)، بەڵام قەزای خەبات زۆرینەی ناوچەی نفوزی پارتییە، هەروەها ڕوبەری هەردو بازنەی (1و2) زۆر فراوانە، بەبەراورد بە بازنەكانی (3و 4)، كە پێویست بو، ئەم پارێزگایە بكرایەتە (5) بازنە و ڕۆژئاوای بازنەی دوی پارێزگاكە لەگەڵ بازنەی سێ دابەش بكرابوایە.

جوگرافیای دابەشـــبونی بازنەكانی ئەم پارێزگایە بریتییە لە (4) چوار بازنەی هەڵبژاردن، لەســـەر بنەمای كارگێڕی و پێكهاتە جوگرافییەكەی دابەشكراوە، ژمارەی بنكەكانی دەنگدان بۆ هەر چوار بازنەی هەڵبژاردنەكە بریتییە لە(498) بنكە، ژمارەی وێستگەكانیش(2610) وێستگەیە، بڕوانە نەخشەی ژمارە(3).

ژمارەی دەنگدەران لەم پارێزگایەدا بریتییە لە(1.151.420) دەنگدەر، بەڕێژەی(**%35.1**) دەنگدەرانی هەرێمی كوردستان پێكدەهێنێت. ئەم دەنگدەرانەش دەبن بە دو بەشەوە، دەنگدەرانی گشتی كە بریتییە لە (1.036.166) دەنگدەر، دەنگدەرانی تایبەت كە پێكدێت لە پۆلیســـی ناوخۆو پێشـــمەرگەو بەندكراوان و نەخۆشـــانی نەخۆشخانەكان ژمارەیان (115.254)دەنگدەرە (كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، 2021). ژمارەی كورسییەكانی تەرخانكراو بۆ بازنەكانی ئەم پارێزگایە پێكهاتوە لە(15) كورســـی گشـــتی و (1) كورســـی بۆ كۆتای كریســـتیانەكان، بەركەوتەی كۆتای ئافرەتان بەپێی ئەو یاســـایەی دانراوە بریتییە لە (4) كورســـی، كە بۆ هەربازنەیەكی هەڵبژاردن یەک كورسی بەردەكەوێت.

ژمارەی لیســـتەكانی هەڵبژاردن بریتین لە(8) لیســـت و(6) كاندیدی ســـەربەخۆ، كە تەنها یەک هاوپەیمانی لە بازنەكانی هەرێمی كوردستاندا هەبو، لەژێر ناوی هاوپەیمانی كوردستان كە پێكهاتوە لەهەردو پارتی (یەكێتی نیشتمانی كوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان) (كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، 2021).

نەخشەی ژمارە (3) بازنەكانی پارێزگای هەولێر




سەرچاوە، کاری توێژەران، بەپشت بەستن بە (وزارة المواد المائية، الهيئة العامة للمساحة، خريطة العراق الادارية، 2008.)

## 1- بازنەی یەکی پارێزگای هەولێر

سـنوری جوگرافی ئەم بازنەیە پێکدێت لە هەریەکە لە قەزاکانی (سـۆران، ڕواندز، چۆمان، شـەقلاوە، مێرگەسور) کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر، ژمارەی کورسییەکانی ئەم بازنەیە بریتییە لە(4) چوار کورسی، سێ کورسی بۆ بەرزترین دەنگ و کورسییەکیش بۆ کۆتای ئافرەتان. ژمارەی بنکەکانی دەنگدان لەم بازنەیەدا (152) بنکەیە، کە زۆرترین ڕێژەی بنکەی دەنگدانی هەیە لە پارێزگای هەولێر، ژمارەی وێستگەکان بریتییە لە (668) وێستگە، ژمارەی کاندیدەکان لەم بازنەیەدا (9) کاندیدە (6) کاندیدی پیاو (3) کاندیدی ئافرەت.

ژمارەی دەنگدەران لەم بازنەیەدا بریتییە لە (293.666) دەنگدەر، کە ڕێژەی (25.5%) ژمارەی دەنگدەرانی پارێزگای هەولێر پێکدەهێنێت، ژمارەی ئەوانەی بەشـداربیان لەپرۆسـەکەدا کردوە بریتییە لە (201.548) دەنگدەر، ڕێژەی بەشداری لەم بازنەیەدا بریتییە لە(68.63%) لە کۆی گشتی ژمارەی هەڵبژێردراو (27.121) دەنگ بەپوچەڵ هەژمارکراوە. براوەی یەکەم پارتی دیموکراتی کوردسـتانە کە بەبێ هاوپەیمانی بەشـداری لە پرۆسـەکەدا کرد، توانی (128.526) دەنگ بەدەسـتبهێنێت، بەڕێژەی (63.8%)ی کۆی گشـتی دەنگی بازنەکە، هەر (4) کورسی بازنەکەی بۆخۆی مسۆگەر کرد.

كۆی گشـــتی دەنگی پارتەكانی تر لەم بازنەیەدا بریتییە لە (45.901) دەنگ، كە دەكاتە بەڕێژەی (22.8%)، بەڵام نەیانتوانی هیچ كورسییەك بەدەستبهێنن. هەرچی (كۆمەڵی دادگەری كوردستان و یەكگرتوی ئیسلامی كوردســـتان) بو، لەم بازنەیەدا هیچ كاندیدێكیان نەبو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لێكتێگەیشـتنەی لەنێوان ئەو دو پارتەو یەكێتی نیشتیمانی كوردستان كە بەنافەرمی باسی لێوەدەكرا. ئامانجی لیستی یەكێتی لەم بازنەیەدا سـەرخسـتنی تاكە كاندیدەكەی بو كە توانی (27.604) دەنگ بەدەسـت بهێنیت، بەڵام نەیتوانی كورسـییەك مسـۆگەربكات. ئەو دەنگانەی لەم بازنەیەدابون بە كورســی بریتییە لە (128.526) دەنگ، ڕێژەی بەشـداری دەنگدەران لەم بازنەیەدا (68.63%) بو، كە لەم ڕێژەیەشـــدا (13.5%) دەنگەكان بەپوچەڵ هەژماركراون، خشتەی ژمارە(3)، (كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، 2021).

## 2- بازنەی دوی پارێزگای هەولێر:

ســـنوری جوگرافی ئەم بازنەیە پێكدێت لە هەریەكە لە قەزاكانی (كۆیە، دەشـــتی هەولێر، خەبات) ئەم بازنەیە بەشـێوەیەك نەخشـەی بۆكێشـراوە، بەڕونی هەست دەكرێت بۆ ڕاگرتنی هاوسـەنگی دەنگی لایەنێكی سیاسـی دیاریكراوە، هاوشـێوەی دابەشـكاری جیریماندەری: ئەم پلانە بەناوی حاكمی ویلایەتی ماسـاشـوسـتس كە لە سـاڵی(1810) پارێزگاری ویلایەتەكە بو، توانی لەســاڵی(1812) یاســایەك دەربكات، بەپێی ئەم یاســایە، بازنەكانی هەڵبژاردنی بەشێوەیەك كێشران كە یارمەتی ئەو دو پارتە دەدات كە پارێزگار پشتیوانیانە، ئەوانیش هەردو پارتی (دیموكرات و كۆماریەكانن)، لەدژی پارتی فیدراڵی، لە ڕاســتیدا پارێزگار بەم شــێوەیە توانی شكست بە پارتی فیدڕالی بهێنێت، كە لەوكاتە پارتێكی ڕكابەری سەرسەختیبو (محمد و العلي، 1999، 5).

كورسییەكانی ئەم بازنەیە بریتییە لە(4) كورسی، سێ كورسی بۆ بەرزترین دەنگی بەربژێران و كورسییەكیش بۆ كۆتای ئافرەتان تەرخانكراوە، ژمارەی بنكەكانی دەنگدان بریتییە لە (114) بنكە، وێســتگەكانیش بریتییە لە (652) وێستگە، ژمارەی كاندیدەكان (8) كاندیدە، كە(5) كاندیدی پیاوە (3) كاندیدی ئافرەتە.

ژمارەی دەنگدەرانی ئەم بازنەیە (280.424) دەنگدەرە، بەڕێژەی(24.4%) كۆی گشــتی دەنگدەرانی پارێزگای هەولێر پێكدەهێنن، كە(142.348) دەنگدەر بەشـداریان لە پرۆسـەكەدا كردوە، ڕێژەی بەشـداری (50.7%) بو لەم بازنەیەدا، لەم ژمارەیەش (44.955) دەنگ بەپوچەڵ هەژماركراوە، كە دەكاتە بەڕێژەی (31.6%) كۆی دەنگی دەنگدەران.

لەم بازنەیەدا ڕیزبەندی یەكەم لیســت لە بەدەســتهێنانی دەنگ و كورســی پارتی دیموكراتی كوردســتانە، كە (49.005) دەنگی بەدەســـتهێنا، بەڕێژەی (34.4%) لەكۆی دەنگی دەنگدەران، كە بوە خاوەنی (2) كورســـی، بەپاڵپشــتی ناوچەی دەنگدەرانی قەزای دەشــتی هەولێرو قەزای خەبات. لیســتی دوەم لە هەمان بازنە لەڕوی دەنگەوە، نەوەی نوێیە، بەبەدەســتهێنانی (24.626)دەنگ، بەڕێژەی (18.7%)، بەهای یەك كورســی بازنەكەی

بەدەستهێنا، ناوچەی پاڵپشتی دەنگدەرانی ئەم لیستە قەزای کۆیەو قەزای دەشتی هەولێر بو، کەمتر لە قەزای خەبات دەنگی بەدەستهێنا، پاشان لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەبەدەستهێنانی (20.378) دەنگ، بەڕێژەی (14.3%)، ئەویش تەنها یەک کورسییان بەدەستهێنا، ناوچەی پاڵپشتی ئەم لیستە قەزای کۆیەبو بەپلەی یەکەم (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، 2021).

## 3- بازنەی سێی پارێزگای هەولێر:

ئەم بازنەیە بەشی ڕۆژئاوای سەنتەری شاری هەولێر دەگرێتەوە، لەگەڵ هەریەک لە ناحیەی عەنکاوە و بەشێک لە ناحیەی بەحرکە، ژمارەی کورسییەکانی ئەم بازنەیە (3) کورسیە، کە (2) کورسی بۆ بەرزترین دەنگ و کورسییەکیش بۆ کۆتای ئافرەتان تەرخانکراوە. ژمارەی دەنگدەرانی ئەم بازنەیە بریتییە لە (226.356) بەڕێژەی (19.7%) کۆی گشتی دەنگدەرانی پارێزگای هەولێر پێکدێنێت، کە (93.693) دەنگدەر بەشداریان لە پرۆسەکەدا کردوە، بەڕێژەی (41.4%)، لەم ژمارەیەش (32880) دەنگ بەپوچەڵ هەژمارکراوە، بەڕێژەی (35%) کۆی دەنگی دەنگدەر.

ژمارەی بنکەکانی دەنگدان بریتییە لە (84) بنکە، وێستگەکانی دەنگدان (460) وێستگەیە، ئەم بازنەیە کەمترین ژمارەی بنکەو وێستگەی دەنگدانی لەخۆگرتوە، کاندیدەکانی ئەم بازنەیە بریتییە لە (9) کاندید، کە پێکهاتون لە (4) کاندیدی پیاو و (5) کاندیدی ئافرەت.

لەم بازنەیەدا جیاوازی زۆر بەدیدەکرێت بەبەراورد بەبازنەکانی تری ئەم پارێزگایە لە ڕوی دەنگی بەدەستهاتوی لیستەکان و کورسییەکانیان، هەروەها دەنگی پوچەڵ لەم بازنەیەدا لە دەنگی براوەی یەکەمی گشت لیستەکانی بەشداربو زیاترە کە (32.880) دەنگە، بەڕێژەی (35.1) دەنگی دەنگدەران، لەکاتێکدا دەنگی بەرزترین لیستی بەشداربو بریتییە لە (31.117) دەنگ، بەڕێژەی (33.2).

پارتی دیموکراتی کوردستان کە براوەی یەکەم بو لە ڕوی بەدەستهێنانی دەنگ، بەڵام توانی تەنها یەک کورسی لە سێ کورسی بازنەکە بەدەستبهێنێت، براوەی دوەمی بازنەکە کە نەوەی نوێ یە بەبەدەستهێنانی (13.688) دەنگ، ئەویش توانی یەک کورسی بەدەستبهێنێت، براوەی سێیەمیش کە هاوپەیمانی کوردستانە، توانی یەک کورسی بەدەستبهێنێت بەبەدەستهێنانی (8.920) دەنگ، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت جیاوازی دەنگ لەنێوان براوەی یەکەم و سێیەم (22.197) دەنگە.

## 4- بازنەی چواری پارێزگای هەولێر:

سنوری جوگرافی ئەم بازنەیە گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵات و سەنتەری شاری هەولێر دەگرێتەوە، وەک (ڕوناکی، باداوا، 92ی زانکۆ، مهاباد، 5ی حەسارۆک، سەیداوە، برایەتی، ڕاپەڕین، ئەندازیاران) ژمارەی

كورسـيیەكانی پێكدێت لە (4) چوار كورسـی، سـێ كورسـی بۆ بەرزترین دەنگ و كورسـیيەكیش بۆ كۆتای ئافرەتان تەرخانكراوە، ژمارەی دەنگدەرانی بریتییە لە (350.974) دەنگدەر، كەڕێژەی (30.5%) دەنگدەرانی كۆی گشـتی پارێزگای هەولێر پێكدەهێنێت. بنكەكانی دەنگدان لەم بازنەیەدا ژمارەیان(148) بنكەیە، ژمارەی وێستگەكانیش (830) وێستگەیە، كە زۆرترین ژمارەی وێستگە لە پارێزگای هەولێر لەم بازنەیەدا كۆبۆتەوە، ژمارەی كاندیدەكانی ئەم بازنەیە (17) كاندیدە(13) كاندیدی پیاو و(4) كاندیدی ئافرەت، لەكۆی گشـتی هەرچوار بازنەكەی پارێزگای هەولێر، زۆرترین كاندید كەوتۆتە ئەم بازنەیەوە.

ژمارەی دەنگدەر لەم بازنەیەدا (147.619)دەنگە، ڕێژەی بەشداری تییدا(42%)ی دەنگدەرانی بازنەكە بو، لەم ژمارەیە دەنگێكی زۆر بە پوچەڵ هەژماركراوە كە(38.529) دەنگە، بەڕێژەی(26.1%) دەنگی بازنەكە.

براوەی یەكەم لەسـەر ئاسـتی بازنەی چواری ئەم پارێزگایە پارتی دیموكراتی كوردسـتانە، بەبەدەسـتهێنانی (51.218) دەنگ، كە دەكاتە ڕێژەی(34.7%) كۆی گشـتی دەنگی دەنگدەران، كەتوانی (3) كورسـی بازنەكە بەدەستبهێنێت، یەكێك لە كورسییەكانی كۆتای ئافرەتانە، براوەی دوەمی ئەم بازنەیە لیستی نەوەی نوێیە، كە توانی (24.217) دەنگ بەدەسـتبهێنێت، بەڕێژەی (16.4%) دەنگی دەنگدەرانی بازنەكە، كە بوە خاوەنی یەک كورسـی، هەرچی لیسـتە بەشـداربوەكانی ترە، كۆی گشـتی دەنگەكانیان بریتییە لە (33.655) دەنگ، بەڕێژەی (22.8%)، بەڵام نەیانتوانی هیچ كورسییەک بەدەست بهێنن.

**3-2 ژمارەی دەنگ و كورسی بەدەستهاتوی لیستە بەشداربوەكان لەبازنەكانی پارێزگای هەولێر**

لەم پارێزگایەدا لە كۆی گشـتی ژمارەی دەنگدەران كە (1.151.420) دەنگدەر بو، (576.974) دەنگدەر بەشداریان لەپرۆسەكەدا كرد، كە ڕێژەی (50.1%)ی كۆی گشتی دەنگدەران بو، بەرزترین ژمارەی دەنگدەران كەوتۆتە بازنەی (4) كە (30.5%) دەنگدەرانی پارێزگاكە پێكدەهێنن، بەرزترین ڕێژەی بەشـداری لە بازنەی (1) دابو، بەڕێژەی (68.6%)ی دەنگدەرانی بازنەكە، نزمترین ڕێژەی بەشـداری لە بازنەی (3) سـێ دابو كە (41.4%) دەنگدەران بەشـداریان تێداكرد. كۆی دەنگی پوچەڵ لەپارێزگای هەولێر بریتییە لە (143.485) دەنگ، كە دەكاتە بەڕێژەی (24.5%) كۆی دەنگی دەنگدەران، شێوەی ژمارە(1)، كە زۆرترین دەنگی پوچەڵ لە بازنەی دو تۆماركراوە، نزمترینیش لە بازنەی یەكدا بو لەسەر ئاستی پارێزگاكەدا.

براوەی لیستی یەكەم لەسەر ئاستی پارێزگاكەدا پارتی دیموكراتی كوردستان بو، بەبەدەستهێنانی (259.866) دەنگ، بەڕێژەی (22.6%) ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە، توانی (10) كورسـی لەكۆی گشـتی كورسـییەكانی پارێزگاكە بەدەستبهێنێت لە خشتەی ژمارە(3) ئاماژەی پێكراوە.

خشتەی ژمارە(3) دەنگ و کورسی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق(2021) لە پارێزگای هەولێر

| ژ | لیست | بازنەی 1 | بازنەی2 | بازنەی3 | بازنەی4 | کۆی دەنگ | ڕێژە (%) | کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پارتی دیموکراتی کوردستان | 128526 | 49.005 | 31.117 | 51218 | 259.866 | 44.7 | 10 |
| | نەوەی نوێ | 28087 | 24.626 | 13.688 | 24217 | 90.617 | 15.6 | 3 |
| | هاوپەیمانی کوردستان | 16234 | 20.378 | 8920 | 12573 | 58.104 | 10.0 | 2 |
| | کۆمەڵی دادگەری | -------- | -------- | 4577 | 14809 | 19.386 | 3.3 | -------- |
| | یەکگرتوی ئیسلامی | -------- | -------- | 1426 | 2517 | 3943 | 0.7 | |
| | سۆشیالیست دیموکرات | 870 | 702 | -------- | -------- | 1572 | 0.3 | -------- |
| | دەنگەکانیتر | 1193 | 2682 | 1085 | 3756 | 3945 | 0.7 | -------- |
| | دەنگی پوچەڵ | 27121 | 44.955 | 32.880 | 38.529 | 143.484 | 24.7 | -------- |
| کۆی گشتی | | 201.548 | 142.348 | 93.693 | 147.619 | 580.917 | %100 | 15 |

سەرچاوە: کاری توێژەران، بەسود وەرگرتن لەداتای فەرمی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی عێراق

بەدەستهێنانی دەنگ و کورسییەکانی پارتی دیموکرات لەم پارێزگایەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارەنی خوارەوە.

1- بازنەکانی ئەم پارێزگایە جگە لە قەزای کۆیە، دەکەوێتە قەڵەمڕەوی سنوری دەسەڵاتی ئەم پارتە.

2- کۆبونەوەی تەواوی وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت و پەرلەمان لەم پارێزگایە، وایکردوە جوڵەیەکی باشـــی ئابوری وچالاکی بازرگانی وداهات وچالاکی حکومی و ڕێکخراوەیی و کۆمپانیاکان و بوارەکانیتری لەخۆبگرێت و بێکاری و هەلی کار زیاتر برەخســـێت بۆ دانیشـــتوانەکەی و دەوروبەری، کەئەمەش بەناڕاستەوخۆ بۆتە دەسکەوت بۆ لایەنێکی دیاریکراو.

3- بەپێی گوتاری لایەنەکانی تر جۆرێک لە قۆرخکاری ســیاســی و باڵادەســتی حزبی بەدیدەکرێت، بەتایبەت لەئازادی ڕادەربرین و خۆپیشاندان و هەڕەشەو هاندان بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین دەنگ.

4- بونی پشتگیری بەهێزی عەشیرەتە گەورەکانی ئەم پارێزگایە، بەتایبەت لە بازنەی یەکی پارێزگاکەدا.

براوەی لیستی دوەم نەوەی نوێیە، توانی(90.617) دەنگ بەدەستبهێنێت، بەڕێژەی(7.9%)، کورسییەکانی ئەم پارێزگایە بریتییە لە (3) کورســـی. براوەی ســـێیەم، هاوپەیمانی کوردســـتانی بو، توانی(58.104) دەنگ بەدەستبهێنێت، بەڕێژەی(5%)، کە ژمارەی کورسییەکانی(2) کورسی بو.

گشـــت پارتە بەشـــداربوەکانی تر توانیان (33.134) دەنگی پارێزگاکە بەدەســـتبهێنن، بەڕێژەی (2.9%)، بەڵام نەیانتوانی هیچ کورسییەک مسۆگەر بکەن، بەهۆکاری شێوازی سیستمی هەڵبژاردنەکەوە.

شێوەی ژمارە(1) ڕێژەی دەنگی لیستەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق(2021) لە پارێزگای هەولێر




سەرچاوە: کاری توێژەران، بەسودوەرگرتن لەخشتەی ژمارە(3).

**3-3 هەڵسەنگاندنی جوگرافی بۆ بازنەکانی پارێزگای سلێمانی**

ئەم شارە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەلاتی هەرێمی کوردستان و باکوری ڕۆژهەلاتی عێراق، لەسەر هێڵی پانی 34 بۆ 36 پلە لەسەر هێڵی کەمەرەیی و هێڵی درێژی 45 بۆ 46 پلە لە ڕۆژهەلات، کۆی ڕوبەری پارێزگاکە بریتییە لە(17.024) کیلۆمەتر چوارگۆشە (کوردستان، دەستەی ئاماری هەرێم، وەزارەتی پلاندانان، یەکە کارگێڕییەکانی هەرێمی، 2007). لەم پارێزگایەشدا خێڵ و عەشیرەتەکان بەدەرنین لە تێڕوانینی تاکی کۆمەڵگەدا، بۆیە زۆرجار لێرەش بەکاردەهێنرێن لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا.

تا ڕادەیەکی زۆر یەکسانی بە بازنەکانی ئەم پارێزگایەوە بەدیدەکرێت لە ڕوی دابەشکاری ڕوبەری بازنەکان، هەمیش لە ڕوی دابەشکاری دەنگدەران، بۆیە کارێکی نامۆ لە ڕوی دابەشکاریەکەوە بەبازنەکانی ئەم پارێزگایەوە بەدیناکرێت.

پێکهاتەی ئەم پارێزگایە بریتییە لە(5) بازنەی هەڵبژاردن کەلەسەر بنەمای کارگێڕی و پێکهاتە جوگرافیەکەی دابەشکراوە، زۆرترین ژمارەی بازنەی لەخۆگرتوە لەچاو هەردو پارێزگاکەی تری (هەولێر و دهۆک)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی ڕوبەرەکەی و پەرتی ژمارەی دەنگدەرانی بەسەر ناوچە جوگرافیەکاندا، بڕوانە نەخشەی ژمارە(4). هەرچەند هەڵەبجە پارێزگایەکی سەربەخۆیە لەلای حکومەتی هەرێم، بەلام تاوەکو ئێستا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ڕێکارە کارگێڕییەکانی تەواو نەبوە بۆئەوەی وەک پارێزگایەکی سەربەخۆی عێراق بناسێنرێت، هەر بۆیە لەم هەڵبژاردنەدا وەک بازنەیەکی سەر بە پارێزگای سلێمانی دانراوە.

ژمارەی دەنگدەرانی ئەم پارێزگایە زۆرترین ژمارەی دەنگدەرانی سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی هەیە، کە بریتییە لە (1.293.707) دەنگدەر، بەرێژەی (%39.5) دەنگدەران پێکدێنێت، ئەم دەنگدەرانەش دەبن

بە دو بەشـــەوە، دەنگدەرانی گشـــتی ژمارەیان (1.197.723) دەنگدەرە، دەنگدەرانی تایبەت کە پێکدێت لە پۆلیسی ناوخۆ و پیشمەرگە و بەندکراوان و نەخۆشـانی نەخۆشـخانەکان ژمارەیان (95.984) دەنگدەرە کە (7.4%) دەنگدەرانی پارێزگاکە پێکدەهێنێت. کورســـی تەرخانکراوی ئەم پارێزگایە (18) کورســـیە، کە (13) کورســـی بۆ بەرزترین ڕێژەی دەنگ و(5) کورســـی بۆ کۆتای ئافرەتانە، بەو پێیە هەربازنەیەک پێویســـتە ئافرەتێک لە پێکهاتەی دەرچوان بێت، کە (9) لیســـت و (16) کاندیدی ســـەربەخۆ ململانێی بەدەســـتهێنانی کورســـییەکانیان دەکرد. ژمارەی بنکەکانی دەنگدان بریتییە لە(503) بنکە، وێســـتگەکانیش ژمارەیان (2969) وێســـتگەیە، کە بەرزترین ژمارەی بنکەو وێســـتگەی دەنگدان لەهەرێمی کوردســـتان دەکەوێتە ئەم پارێزگایە (کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردن، 2021).

نـــەخشـــــەی ژمـــارە(4) بـــازنـــەکـــانـــی پـــارێـــزگـــای ســـلـــێـــمـــانـــی




سەرچاوە، کاری توێژەران، بەپشت بەستن بە (وزارة المواد المائیة، الهیئة العامة للمساحة، خریطة العراق الاداریة، 2008)

## 1- بازنەی یەکی پارێزگای سلێمانی

ئەم بازنەیە ڕۆژهەڵاتی ســـەنتەری قەزای ســـلێمانی و هەردو قەزای شـــارباژێر و چوارتا دەگرێتەوە، ژمارەی کورسییەکانی بریتییە لە (4) کورسی، (3) سێ کورسی بۆ بەرزترین دەنگ و(1) کورسی بۆ کۆتای ئافرەتانە، ژمارەی دەنگدەرانی (265.994) دەنگە، کە ڕێژەی (20.6%) کۆی گشـــتی ژمارەی دەنگدەرانی ســـلێمانی پێکدەهێنێت، ئەم بازنەیە (96) بنکەی دەنگدانی تێدایە، هەروەها ژمارەی وێســـتگەکانی بریتییە لە (650) وێستگە، ژمارەی کاندیدەکان (13) کاندیدە، (9) کاندیدی پیاو (4) کاندیدی ئافرەت.

ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لەم بازنەیەدا بریتییە لە (265.994)دەنگدەر، کە (91.641) دەنگدەر بەشداریان لەپرۆسەکەدا کرد، ڕێژەی بەشداریی تێیدا (34.5%)، ژمارەی دەنگی پوچەڵ (24.841) دەنگە، بەڕێژەی (27%) کۆی دەنگی دەنگدەرانی بازنەکە، لیستی هاوپەیمانی کوردستان توانی (1) کورسی مسۆگەر بکات، بەبەدەستهێنانی(25.996) دەنگ، بەڕێژەی (28.4%) لەپلەی یەکەم دێت، پلەی دوەم دەنگی پوچەڵ بو، بەبەدەستهێنانی (24.841) دەنگ بەڕێژەی (27%) دەنگی دەنگدەران.
پلەی سێیەمی لیستەکان، لیستی نەوەی نوێیە، کەتوانی (18.640) دەنگ بەدەستبهێنێت، بەڕێژەی (20.4%)، توانی (1) کورسی مسۆگەر بکات، براوەی سێیەمی لیستەکان، لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەبەدەستهێنانی (9.477) دەنگ و بەڕێژەی(10.4%) توانی کورسییەک بۆخۆی مسۆگەر بکات، یەکگرتوی ئیسلامی بەبەدەستهێنانی (8.157) دەنگ و بەڕێژەی (8.9%) ئەویش کورسییەکی بازنەکەی مسۆگەرکرد (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، 2021).

## 2- بازنەی دوی پارێزگای سلێمانی

شوێنی جوگرافی ئەم بازنەیە بریتییە لە ناوەندی قەزای سلێمانی و هەردو قەزای قەرەداغ و بازیان، ژمارەی دەنگدەرانی ئەم بازنەیە (331.108) دەنگە، ڕێژەی (25.6%)ی دەنگدەرانی پارێزگاکە پێکدەهێنێت، کە زۆرترین ژمارەی دەنگدەرانی پارێزگای سلێمانی لەم بازنەیەدا کۆبۆتەوە، لەکاتێکدا (3) کورسی بۆ تەرخانکراوە، کە پێویست بو زۆرترین کورسی لەم بازنەیەدا بوایە، بەهۆکاری ئەوەی لەسەر ئاستی هەر پێنج بازنەکەی پارێزگای سلێمانی زۆرترین ژمارەی دەنگدەری تێدا کۆبۆتەوە، بنکەکانی دەنگدان لەم بازنەیەدا بریتییە لە (132) بنکە، ژمارەی وێستگەکانیش (737) وێستگەیە، ژمارەی کاندیداکانی بریتییە لە (16) کاندید،کە (8) پیاو (8) ئافرەت (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، 2021).
براوەی یەکەم لەسەر ئاستی دەنگی لیستە ڕکابەرەکان هاوپەیمانی کورستانە، بەبەدەستهێنانی (31.787) دەنگ، دەکاتە ڕێژەی (27.4%)ی دەنگی دەنگدەران، کە توانی (2) کورسی مسۆگەر بکات، براوەی دوەم کورسییەکی بازنەکەی بەدەستهێنا کە لیستی نەوەی نوێ یە، توانی (25.022) دەنگی بازنەکە بەدەستبهێنێت، بەڕێژەی (21.6%)، کۆی دەنگی لیستەکانی تر بریتییە لە (24.144) دەنگ، بەڕێژەی (20.8%) کۆی دەنگی بەدەستهاتوی دەنگدەران، کەنەیانتوانی هیچ کورسییەکی بازنەکە بەدەستبهێنن.

## 3- بازنەی سێی پارێزگای سلێمانی

سنوری ئەم بازنەیە پێکدێت لە پارێزگای هەڵەبجەو هەردو قەزای پێنجوێن و سەیدسادق، ژمارەی کورسی تەرخانکراو بۆ ئەم بازنەیە (3) کورسییە، ژمارەی دەنگدەرانی بریتییە لە (198.231) دەنگدەر، کە (15.3%)

کۆی گشتی دەنگدەرانی پارێزگاکە پێکدەهێنێت. کەمترین ژمارەی بنکەو وێستگەی دەنگدان لەم بازنەیەدایە کە بریتییە لە(72) بنکەو (474) وێســــتگە، ژمارەی کاندیدەکان بریتییە لە (8) کاندید،(5) کاندیدی پیاو و (3) کاندیدی ئافرەت.

لیســتی هاوپەیمانی کورســتان توانی تەنها یەک کورســی بەدەســتبهێنێت، لیســتی دوەم یەکگرتوی ئیســلامی کوردســتانە، کە توانی (14.719) بەدەســتبهێنێت، بەڕێژەی (17.7%) ئەویش تەنها یەک کورســی بازنەکەی بەدەستهێنا، براوەی سێیەم لیستی نەوەی نوێیە، بەبەدەستهێنانی(12.082) دەنگ و ڕێژەی (14.6%) دەنگی دەنگدەران، ئەمیش توانی تەنها یەک کورسی بەدەستبهێنێت.

ئەو دەنگانەی لەم بازنەیە بون بە کورســـی (42.753) دەنگە بەڕێژەی (51.5%)ی دەنگی دەنگدەران، کەواتە جگە لە دەنگی پوچەڵ (23.708) دەنگی دەنگدەران بەفیڕۆچوە، بەڕێژەی (28.5%) کە نەبوە بەکورسی.

**4- بازنەی چواری پارێزگای سلێمانی**

شــــوێنی جوگرافی ئەم بازنەیە بریتییە لە هەریەک لە قەزاکانی ڕانیەو پشــــدەرو دوکان، ژمارەی ئەوانەی لەم بازنەیەدا مافی دەنگدانیان هەبو بریتییە لە (266.055) دەنگدەر، بەڕێژەی (20.6%) کۆی گشــتی دەنگدەرانی پارێزگای ســلێمانی پێکدەهێنێت، کە تێیدا (11) کاندید پێشــبڕکێیان بو بۆ بەدەســتهێنانی (4) کورســی، کە ســێ کورســی بۆ بەرزترین دەنگ و کورســییەکیش بۆ کۆتای ئافرەتان تەرخانکرابو، ژمارەی بنکەکانی ئەم بازنەیە (109) بنکەو (607) وێستگەی دەنگدانە.

لەم بازنەیەدا بەرزترین ڕێژەی بەشــــداری دەنگدەرانی تێدا تۆمارکرا بەبەراورد بەبازنەکانی تری پارێزگاکە، بەڕێژەی (54%) لەکۆی گشــتی دەنگدەران، کە (144.469) دەنگدەر بەشــداریان لەپرۆســەکەدا کرد، هەروەها (31.237) دەنگ بە پوچەڵ هەژمارکرا، بەریژەی (21.6%)، براوەی یەکەم لەســەر ئاســتی دەنگی لیســتەکان، هاوپەیمانی کورســتانە، بەبەدەســتهێنانی (42.218) دەنگ، بەڕێژەی (29.2%)ی دەنگی دەنگدەری بازنەکە، کە توانی (2) کورســی بۆخۆی مســۆگەربکات، براوەی دوەم کە تاکە کورســییەکی بازنەکەی بەدەســتهێنا، لیســتی نەوەی نوێیە، توانی (28.987) دەنگی بازنەکە بەدەستبهێنێت، بەڕێژەی (20.1%) دەنگ، براوەی سێیەم لیستی کۆمەڵی دادگەریە توانی (25.116) دەنگ بەدەســتبهێنێت، بەڕێژەی (17.4%) کۆی دەنگی بازنەکە، ئەم لیســتە تەنها ئەو کورسیەی لە کۆی گشتی هەڵبژاردنەکە بەدەستهێنا. خشتەی ژمارە (3).

**5- بازنەی پێنجی پارێزگای سلێمانی**

ســـــنوری ئەم بازنەیە بریتییە لە هەر یەکە لە قەزاکانی (کەلار، کفری، دەربەندیخان، چەمچەماڵ) کە دەکەونە ڕۆژئاواو باشــوری ڕۆژئاوای ســەنتەری قەزای شــاری ســلێمانی، ژمارەی کورســی تەرخانکراو بۆی

(4) کورسیە، کە سێ کورسی بۆ بەرزترین دەنگی بازنەکەو کورسییەکیش بۆ کۆتای ئافرەتانە، کاندیدەکانی ئەم بازنەیە بریتییە لە (15) کاندید،(10) کاندیدی نێر و (5) مێ، ململانێیان لەسەر بەدەستهێنانی کورسییەکان دەکرد، ژمارەی دەنگدەرانی ئەم بازنەیە بریتییە لە (232.319) دەنگدەر، کە ڕێژەی (18%)ی کۆی گشتی ئەو کەسانە پێکدەهێنێت کە مافی دەنگدانیان لەم پارێزگایەدا هەیە، ژمارەی بنکەکانی دەنگدان (94) بنکەیەو وێستگەکانی (546) وێستگەی دەنگدانە.

لەسەر ئاستی ئەم بازنەیەدا دەنگی پوچەڵ زۆرترین دەنگی دەنگدەرانی بەدەستهێناوە کە (26.318) دەنگە بەڕێژەی (28.8%)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نارەزایی دەنگدەرانی ئەم ناوچانە کە هیچ کام لە لیست و کاندیدەکان دڵخوازیان نەبوە، هۆکارێکی تری بەهێز دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناکۆکیەی لە لیستی زۆرینە هەبو، هەروەها لە بێزاری دەنگدەران و بێئومێد بونیان لە حیزبەکان.

براوەی یەکەم لەسەر ئاستی لیستەکان، لیستی هاوپەیمانی کوردستان بو بەبەدەستهێنانی (25.707) دەنگ، بەڕێژەی (28.1%)، کە توانی دو کورسی بازنەکە مسۆگەر بکات، براوەی دوەم لە ڕوی بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەران نەوەی نوێیە، کە توانی (21.587) دەنگ بەدەستبهێنیت، بەڕێژەی (23.6%) کە یەک کورسی بەدەستهێنا، براوەی سییەم کەپارتی دیموکراتی کوردستانە، توانی (9.521)دەنگ بەدەستبهێنێت، بەڕێژەی (10.4%)، کە ئەویش تەنها یەک کورسی بەدەستهێنا.

### 4-3 ژمارەی دەنگ و کورسی بەدەستهاتوی لیستە بەشداربوەکان لەکۆی بازنەکانی پارێزگای سلێمانی

کۆی ژمارەی دەنگدەرانی پارێزگای سلێمانی (1.293.707) دەنگدەرە، بەڕێژەی (39.5%)ی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان پێکدێنێت، لیست و کاندیدە بەشداربوەکان بریتییە لە (9) لیست و (16) کاندیدی سەربەخۆ، ئەم پارێزگایە هیچ لیست و کاندیدێکی کۆتای ئاییني تێدانییە، بەهۆکاری ئەوەی هیچ کورسییەکیان لەم پارێزگایە بۆ تەرخان نەکراوە، ململانێکان بۆ بەدەستهێنانی کورسی لەنێوان کۆی لیست و کاندیداکاندا بو، نەک بەتەنها لەنێوان دو پارتی جیاواز یان پارتێک بەتەنهاو کۆی پارتەکانی تریش لە بەرەیەکدابن. ئەم پارێزگایە لە ڕوی سیاسیەوە زیاتر قەڵەمڕەوی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، لەدوای دروستبونی بزوتنەوەی گۆڕان لەساڵی (2009) ململانێکان لەنێوان یەکێتی و بزوتنەوەی گۆڕان بو تا کۆچی دوایی ڕێکخەرەکەی (نوشیروان مستەفا ئەمین) لەساڵی (2017)، دوای ئەم ڕوداوە بزوتنەوەکە توانای ململانێی لەگەڵ یەکێتی نەما، بۆیە بۆ ئەو هەڵبژاردنە بەلیستێک بەشداری پرۆسەکەیان کرد، کە ئەوە زیاتر بزوتنەوەکەی لاوازکرد تا ئەو ئەندازەیەی هیچ کورسییەکی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەدەستنەهێنا، بۆیە ململانێیەکە گۆڕا بۆ نێوان یەکێتی و نەوەی نوێ.

لە کۆی گشتی ژمارەی دەنگدەران کە (1.293.707) دەنگدەر بو (526.573) دەنگدەر بەشداریان لەپرۆسەکەدا کرد، کە ڕێژەی بەشداری لەم پارێزگایە گەیشتە (40.7%)، بەرزترین ڕێژەی بەشداری لە (بازنەی چوار) دابو، بەڕێژەی (54%)و نزمترین ڕێژەی بەشداری لە (بازنەی یەک) دابو کە (34.5%) دەنگدەران بەشداریان تێدا کرد. بڕوانە شێوەی ژمارە(2). هەروەها دەنگی پوچەڵ لەم پارێزگایە ئاستێکی بەرزی تۆمارکرد، لەکۆی(526.360) دەنگی دەنگدەر، (133.913) دەنگ بەپوچەڵ هەژمارکرا، دەکاتە بەڕێژەی (25.4%) دەنگدەران، کە بەرزترین ڕێژەی دەنگی پوچەڵە لە ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کورستان.

وێڕای ئەوەی ئەم پارێزگایە لەڕوی سیاسیی و کارگێڕییەوە ناوچەی دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەو زۆرترین دەنگ و کورسی بەدەستهێناوەو براوەی یەکەمە لەم پارێزگایە، لەهەمانکاتدا بزوتنەوەی گۆڕان سەرەڕای ئەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی کاراو بەهێزبو پێش ئەوەی بچێتە حکومەتەوە، دواتر بەشداری حکومەت کردو پۆستی پارێزگارو چەندین قایمقام پۆستی تری لەشارەکەو قەزاو ناحیەکان وەرگرت بەڵام نەیتوانی تەنها یەک کورسیش بەدەستبهێنێت

هۆکارەکانی کەمترین ڕێژەی بەشداری دەنگدەران و دەنگی پوچەڵ بۆ ئەم فاکتەرانەی خوارەوە بگەڕێنینەوە:

1- خراپ بەکارهێنانی هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەت سۆشیال میدیا و چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار و کەناڵی تەلەفزیۆنی سەربەخۆ و سێبەر، دەورێکی خراپیان گێڕاوە و دەگێڕن لە بێهیواکردنی هاووڵاتییان بۆ بەشداری نەکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا.

2- بونی هەژاری و بێکاری گەنجان بەڕێژەیەکی زۆر، کەمی خزمەتگوزاری ئاوەدانکردنەوەو چالاکی بازرگانی و دروستکردن و بنیادنان و وەبەرهێنان و نەبونی جوڵەی ئابوری.

3- نایەکسانی جوگرافی لەدابەشکردنی داهات لەم پارێزگایە بەهۆی پشتگوێ خستنی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەراورد بەپارێزگاکانی تری هەرێم، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی سیاسی هەردو هێزی دەسەڵاتداری(یەکێتی و پارتی).

4- مایە پوچبونی بەشێکی زۆری کۆمپانیاکان و ڕۆیشتنیان بۆ ناوەڕاست و باشوری عێراق و هولێر.

خشتەی ژمارە(4) دەنگ و کورسی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق(2021) لە پارێزگای سلێمانی

| ژ | لیست | بازنەی 1 | بازنەی 2 | بازنەی 3 | بازنەی 4 | بازنەی 5 | کۆی دەنگ | ڕێژە (%) | کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هاوپەیمانی کوردستان | 25996 | 31787 | 15952 | 42218 | 25707 | 141.660 | 26.9 | 8 |
| | نەوەی نوێ | 18640 | 25022 | 12082 | 28987 | 21587 | 106.318 | 20.2 | 5 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی | 9477 | 9580 | 11073 | 15240 | 9521 | 54.891 | 10.4 | 2 |
| کۆمەڵی دادگەری | ------ | 8092 | 11.431 | 25116 | ------ | 44.639 | 8.5 | 1 |
| یەکگرتوی ئیسلامی | 8157 | ------ | 14719 | ------ | ------ | 22.876 | 4.3 | 2 |
| سۆشیالیست دیموکرات | 363 | 850 | 426 | 220 | 655 | 2.514 | 0.5 | ----- |
| دەنگەکانیتر | 4166 | 5622 | 778 | 1451 | 7751 | 19.768 | 3.8 | ----- |
| دەنگی پوچەڵ | 24841 | 34895 | 16622 | 31.237 | 26311 | 133.907 | 25.4 | ----- |
| کۆی گشتی | 91.641 | 115.818 | 83.083 | 144.469 | 91.532 | 526.573 | %100 | 18 |

سەرچاوە: کاری توێژەران، بەسودوەرگرتن لە داتای فەرمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ساڵی2021.

سەبارەت بە براوەی لیستی یەکەم لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بو، بەبەدەستهێنانی (141.660) دەنگ، بەڕێژەی (%26.9)، توانی (8) کورسی لەکۆی (18) کورسی پارێزگاکە بەدەستبهێنێت، دوای ئەو لیستی نەوەی نوێ بو کە توانی (106.318) دەنگ بەدەستبهێنێت، بەڕێژەی (%20.2)ی دەنگی پارێزگاکە، کورسی بەدەستهاتوی لەم پارێزگایە (5) کورسیە، لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبەدەستهێنانی (54.891) دەنگ، بەڕێژەی (%10.4)ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت، ژمارەی کورسییەکانی (2) کورسی بو، یەکگرتوی ئیسلامی بەبەدەستهێنانی (22.876) دەنگ و بەڕێژەی (%4.3) توانی دو کورسی بەدەستبهێنێت، لەکاتێکدا کۆمەڵی دادگەری ژمارەی دەنگەکانی (44.639) دەنگە، کە دو هێندەی دەنگی یەکگرتوی ئیسلامییە لەم پارێزگایەدا، تەنها یەک کورسی بەدەست هێنا، بەهۆکاری ئەوەی لەبازنەی سێی ئەم پارێزگایەدا دو کاندیدی بەهێزی ئیسلامییەکان هەبون، هەریەکە لە بەڕێزان (دکتۆر موسەنا ئەمین و ئەحمەدی حاجی ڕەشید)بو، کۆی دەنگە بەدەستهاتوەکانی لەم بازنەیەدا بەفیڕۆچو نەیتوانی بگاتە کورسییەک، کە بە (651)دەنگ زیاتر کاندیدەکەی نەوەی نوێ کورسی ئەم بازنەیەی بەدەستهێنا، بەڵام یەکگرتو (2) کورسی پارێزگاکەی بەدەستهێنا. خشتەی ژمارە (4).

کۆی دەنگی پارتە بەشداربوەکانی تر (22.282) دەنگە، بەڕێژەی (%4.2)، بەڵام نەیانتوانی هیچ کورسییەک مسۆگەر بکەن، بەهۆکاری شێوازی سیستمی هەڵبژاردنەکەوە.

شێوەی ژمارە (2)

ڕێژەی دەنگی لیستە بەشداربوەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (2021) لە پارێزگای سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەران، بەسودوەرگرتن لەخشتەی ژمارە(4).

**5-3 هەڵسەنگاندنی جوگرافی بۆ بازنەکانی پارێزگای دهۆک**

ئەم پارێزگایەدەکەوێتە بەشی باکوری هەرێمی کوردستان، لەسەر هێڵی پانی 43 بۆ 44 پلە رۆژهەلات و هێڵی درێژی 36 بۆ 37 پلە لە باکور، کۆی روبەری پارێزگاکە بریتییە لە(10955) کیلۆمەتر چوارگۆشە، تێکرای دانیشتوان تییدا(22.9) کەس لە کیلۆمەتر چوارگۆشەدایە، لەم سنورەدا نەتەوەی کورد و ئاشور و ئەرمەن و کلدان دەژین، هەروەها ئاینی ئیسلام و مەسیحی و ئێزیدی پەیرەو دەکرێن. (کوردستان، دەستەی ئاماری هەرێم، وەزارەتی پلاندانان، یەکە کارگێرییەکانی هەرێمی، 2007).

تاڕادەیەکی زۆر یەکسانی بە بازنەکانی ئەم پارێزگایەشەوە بەدیدەکرێت، لە ڕوی دابەشکاری ڕوبەری بازنەکان و لە ڕوی دابەشکاری دەنگدەران، لە کێشانی بازنەکانی ئەم پارێزگایەشدا کارێکی نامۆ و ناهاوسەنگ بەدی ناکرێت، لەم پارێزگایەدا بە ڕادەیەکی بەرچاو خێڵ و عەشیرەتەکان کاریگەریان لەسەر پرۆسەی دەنگدانەکەدا هەیە.

ئەم پارێزگایە پێکدێت لە(3) سێ بازنەی هەڵبژاردن، لەسەر بنەمای کارگێری و پێکهاتە جوگرافییەکەی دابەشکراوە، نەخشەی ژمارە (5). ژمارەی دەنگدەرانی بریتییە لە(832.424) دەنگدەر، کە ڕێژەی(25.4%) دەنگدەرانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، کە دابەشبون بەسەر دەنگدەرانی گشتی کە ژمارەیان دەگاتە (711.749) دەنگ و دەنگدەرانی تایبەت دەگاتە (120.675)دەنگدەر، بەڕێژەی (14.5%) دەنگدەرانی پارێزگاکە پێکدەهێنن.

بنکەکانی دەنگدان لەم پارێزگایەدا بریتییە لە (264) بنکە، وێستگەکانیش (1807) وێستگەیە، یەک کورسی کۆتای کریستیانەکانی بۆ دابینکراوە، ژمارەی لیستەکان بۆ کورسیە گشتیەکان بریتییە لە(4) لیست، کە خۆی

دەبینێتەوە لە (24) کاندید کە (17) نێر و (7) کاندیدی مێ یە، ململانێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی (11) کورسی گشتی پارێزگاکە، لیستی کریستیانەکانیش بریتییە لە(5) لیست و یەک کاندیدی سەربەخۆ(کریستیان)، کە ململانێ لەسەر بەدەست هێنانی یەک کورسی کۆتا دەکەن، ژمارەی کۆتای ئافرەتان بەپێی ئەو یاسایەی دانراوە دەبێت لەپارێزگاکەدا (3) ئافرەت لەناو دەرچوان دابێت، جا ئەو ئافرەتانە بەدەنگی خۆیان کورسییەکانیان بەدەستهێنابێت، یاخود بەسیستمی کۆتا دەرچوبن (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، 2021).

نەخشەی ژمارە (5) بازنەکانی پارێزگای دهۆک




سەرچاوە، کاری توێژەران، بەپشت بەستن بە(وزارة المواد المائية، الهيئة العامة للمساحة، خريطة العراق الادارية، 2008.

**1- بازنەی یەکی پارێزگای دهۆک**

سنوری جوگرافی ئەم بازنەیە پێکدێت لە سەنتەری دهۆک و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکە، ژمارەی کورسییەکانی بریتییە لە(4) کورسی، کە (3) کورسی بۆ بەرزترین دەنگ و کورسییەکیش بۆ کۆتای ئافرەتان تەرخان کراوە. ژمارەی دەنگدەرانی ئەم بازنەیە بریتییە لە (320.584)دەنگدەر، بەڕێژەی (38.5%) کۆی گشتی دەنگدەرانی پارێزگاکە پێکدەهێنێت، لە پرۆسەکەدا (190.644) دەنگدەر بەشداریان تێداکرد، بەڕێژەی (59.5%) دەکات، لەم ژمارەیەش (25.439) دەنگ بەپوچەڵ هەژمارکراوە، بنکەکانی دەنگدان لەم بازنەیەدا بریتییە لە (102) بنکە، کە خۆی دەبینێتەوە لە (708) وێستگە، ئەم بازنەیە زۆرترین بنکەو وێستگەی دەنگدانی تێدایە بەبەراورد بە هەردو بازنەکەی تر.

پارتی دیموکراتی کوردستان لەم بازنەیەدا زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا کە دەگاتە (97,400) دەنگ، بەڕێژەی (51.1%) کۆی گشتی دەنگی دەنگدەر دەکات، کە توانی پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت لەکۆی چوار کورسی

بازنەکە (3) کورسی بۆخۆی مسۆگەر کرد، دوای ئەو یەکگرتوی ئیسلامی دێت، کە پلەی دوەمی بەدەستهێنا، بەهۆی لێکتێگەیشتنی ڕانەگەیەنراو لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان، جگە لە کاندیدی ئەم حیزبە هیچ کاندیدێکی تر لەم بازنەیە دانەنرا، بۆیە دەنگێکی زۆری دەنگدەرانی هاوپەیمانیش بۆ کاندیدەکەی یەکگرتو چو (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، 2021).

دەنگی لیست و کاندیدەکانی تر بریتییە لە (11.103) دەنگ، بەڕێژەی (5.8%)ی دەنگی بازنەکە، هیچ کورسییەکیان بەدەستنەهێنا، هەرچی دەنگی پوچەڵە(25.439) دەنگە، بەڕێژەی(13.4%) دەنگی بازنەکەیە.

2- **بازنەی دوی پارێزگای دهۆک**

شوێنی جوگرافی ئەم بازنەیە دەکەوێتە باکورو ڕۆژئاوای پارێزگای دهۆک هەریەک لە قەزای (زاخۆ و سیمێڵ)و ناحیەکانیان دەگرێتەوە، ئەم بازنەیە (3) کورسی گشتی بۆ تەرخانکراوە، ژمارەی دەنگدەرانی بریتییە لە (280.160) دەنگ، کە ڕێژەی (33.7%)ی دەنگدەرانی پارێزگاکە پێکدەهێنێت، کۆی بنکەکانی دەنگدان بریتییە لە (81) بنکە، دابەشبوە بەسەر (575) وێستگەی دەنگدان، بەرزترین دەنگی بەدەستهاتوی لیستە بەشداربوەکانی ئەم بازنەیە، لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە، کەتوانی (72.969) دەنگ بەدەستبهێنێت، بەڕێژەی (47.9%)، کە (2) کورسی بازنەکەی مسۆگەرکرد، دەنگی دوەم، دەنگە پوچەڵەکانە، کە زۆرترین دەنگی پوچەڵ لەسەر ئاستی پارێزگاکە لەم بازنەدایە، کە (43.342) دەنگ هەژمارکرا، بەڕێژەی (28.4%)ی کۆی گشتی دەنگەکان.

پلەی دوەم، کاندیدەکەی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستانە، توانی (24.442) دەنگ بەدەستبهێنێت، بەڕێژەی (16%) دەنگی دەنگدەران، لەسێ کورسی، کورسییەکی بۆخۆی مسۆگەر کرد. دەنگی لیستەکانی تر جگە لەدەنگە پوچەڵەکان، کە نەیانتوانی هیچ کورسییەکی بازنەکە بەدەستبهێنن بریتییە لە (11.725) دەنگە، بەڕێژەی (7.7%) کۆی دەنگی بەدەستهاتوی دەنگدەر.

3- **بازنەی سێی پارێزگای دهۆک**

ئەم بازنەیە دەکەوێتە ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دهۆک، هەریەک لە قەزاکانی (ئاکرێ و بەردەڕەش) و ناوچەکانی دەوروبەری دەگرێتەوە، کورسی تەرخانکراو بۆ ئەم بازنەیە (4). ئەم بازنەیە پێکهاتوە لە (81) بنکە و (524) وێستگەی دەنگدان، ژمارەی لیستی گشتی کێبڕکێکارەکان(4) لیستە، کە خۆی دەبینێتەوە لە (7) کاندید، ژمارەی دەنگدەران لەم بازنەیەدا بریتییە لە (231.680) دەنگدەر، کەڕێژەی (27.8%) دەنگدەرانی پارێزگای دهۆک پێکدەهێنێت. پارتی دیموکراتی کوردستان، هاوشێوەی هەردو بازنەکەی تری پارێزگای دهۆک، بوە براوەی یەکەم لەبەدەستهێنانی دەنگ و کورسی لەم بازنەیەشدا، کەتوانی (91.174) دەنگی بازنەکە بۆخۆی بەرێت، بەڕێژەی (62.1%)ی کۆی دەنگی دەنگدەران، بەو پێ یە توانی (3)

کورسـی مسـۆگەر بکات، لەپلەی دوەم هاوپەیمانی کوردسـتان دێت، کە بەتاکە کاندیدێک بەشـداری کرد لەم بازنەیەدا، بەبەدەسـتهێنانی (18.695) دەنگ، بەڕێژەی (12.7%) توانی کورسـییەکی بازنەکە مسـۆگەر بکات، لەم بازنەیەدا هیچ کام لە حیزبەکانی (بزوتنەوەی گۆڕان و یەکگرتوی ئیسلامی و کۆمەڵی دادگەری) کاندیدیان نەبو، ئەمەش بۆ ئەوەبو تا بتوانن پاڵپشـتی کاندیدەکەی یەکێتی بکەن لەلیسـتی هاوپەیمانی. نەوەی نوێ لەم بازنەیەدا توانی (11.228) دەنگ بەدەسـتبهێنێت بەڕێژەی (7.6%)، بەڵام هیچ کورسـییەکی مسـۆگەر نەکرد. ئەو دەنگانەی لەم بازنەیەدا بە پوچەڵ هەژمارکران بریتییە لە (25.191) دەنگ، بەڕێژەی (17.2%)ی دەنگی دەنگدەران.

ئەو دەنگانەی لەم بازنەیەدا بون بە کورسـی بریتییە لە (109.869) دەنگ، بەڕێژەی (74.8%) کۆی گشـتی دەنگی دەنگدەران، ڕێژەی بەشداری دەنگدەران لەم بازنەیەدا بریتییە لە (63.4%)دەنگی دەنگدەر.

**6-3 ژمارەی دەنگ و کورسی بەدەستهاتوی لیستە بەشداربوەکان لەکۆی بازنەکانی پارێزگای دهۆک**

ژمارەی دەنگدەرانی ئەم پارێزگایە بریتییە لە (832.424) دەنگدەر، ڕێژەی(25.4%) دەنگدەرانی هەرێمی کوردسـتان پێکدەهێنێت، بەڕێژەی (59%) دەنگدەران لەم پارێزگایەدا بەشـداریان لە پرۆسـەکەدا کرد، لەم ژمارەیەش (93.972) دەنگی دەنگدەران بە پوچەڵ هەژمارکرا، کە دەکاتە بەڕێژەی (19.2%) کۆی گشـتی دەنگدەران، لەم پارێزگایەدا سێ لیست توانیان کورسی مسۆگەر بکەن وەک لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەدەین. بەرزترین دەنگ و کورسـی ئەم پارێزگایە لیسـتی پارتی دیموکراتی کوردسـتانە؛ کەدەگاتە (261.543) دەنگ، بەڕێژەی (53.4%) کۆی دەنگی دەنگدەرانی پارێزگاکە، کەتوانی (8) کورسی بۆ خۆی مسۆگەربکات.

براوەی دوەم لیسـتی یەکگرتوی ئیسـلامی کوردسـتان؛ ئەم لیسـتە لە دەڤەری بادینان توانی(81.144) دەنگ بەدەستبهێنێت، بەڕێژەی(16.6%) ی دەنگی دەنگدەر، کە(2) کورسی پارێزگاکەی مسۆگەر کرد.

لیسـتی هاوپەیمانی کوردسـتان؛ تەنها (یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان) کاندیدی هەبو لە دو بازنەدا، توانی(25.040) دەنگ مسۆگەر بکات، بەڕێژەی(5.1%) دەنگی دەنگدەران، کە یەک کورسی مسۆگەر کرد.

دەنگی پوچەڵ لەم پارێزگایەدا لە ڕیزبەندی دوەم دێت لەدوای دەنگی پارتی دیموکراتی کوردسـتان، ئەگەر وەک لیسـت تۆماربکرابوایە، کە (93.972) دەنگ بەپوچەڵ هەژمارکرا، بەڕێژەی (19.2%) دەنگی دەنگدەران، پارتەکانی تر کەنەیانتوانی هیچ کورسـییەک لەم پارێزگایەدا بەدەسـتبهێنن، دەنگەکانیان بریتییە لە (28.250) دەنگ، بەڕێژەی (5.2%). لە خشتەی ژمارە(5) و شێوەی ژمارە(3) هاتوە.

خشتەی ژمارە (5)

دەنگ و کورسی لیستە بەشداربوەکان لەکۆی بازنەکانی پارێزگای دهۆک

| ژ | لیست | بازنەی 1 | بازنەی2 | بازنەی3 | کۆی دەنگ | ڕێـــژە (%) | کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پارتی دیموکراتی کوردستان | 97.400 | 72.969 | 91.174 | 261.543 | 53.4 | 8 |
| | یەکگرتوی ئیسلامی | 56.702 | 24.442 | ----- | 81.144 | 16.6 | 2 |
| | هاوپەیمانی کوردستان | ----- | 6345 | 18.695 | 25.040 | 5.1 | 1 |
| | نەوەی نوێ | 3892 | 4172 | 11.228 | 19.292 | 3.9 | ----- |
| | سۆشیالیست دیموکرات | 600 | 772 | 539 | 1.911 | 0.4 | ----- |
| | دەنگەکانیتر | 6611 | 436 | ----- | 7.047 | 1.4 | ----- |
| | دەنگی پوچەڵ | 25.439 | 43.342 | 25.191 | 93.972 | 19.2 | ----- |
| کۆی گشتی | | 190.644 | 152.478 | 146.827 | 489.949 | %100 | 11 |

سەرچاوە: کاری توێژەران، بەسودوەرگرتن لە داتای فەرمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکانی عێراق.

شێوەی ژمارە (3)ڕێژەی دەنگی لیستە بەشداربوەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (2021) لە پارێزگای دهۆک




سەرچاوە: کاری توێژەر ، بەسودوەرگرتن لە خشتەی ژمارە(5)

**5-دابەشبونی دەنگی لیستەکان لەسەر ئاستی بازنەکان لە هەرێمی کوردستان**

کۆی گشـــتی ژمارەی بازنەکان لەهەرێمی کوردســـتان (12) بازنە بو، کە دابەش کرابون بەســـەر هەر ســـێ پارێزگای (هەولێر و سلێمانی و دهۆک). ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم هەڵبژاردنە بریتییە لە (3.277.551) دەنگدەر، کە (1.566.682) دەنگدەر بەشـداریان لە پرۆسـەکەدا کرد بەڕێژەی (%47.8)، بەڵام لەم ژمارەیەشـــدا(371.364) دەنگ بەپوچەڵ هەژمارکرا، بەڕێژەی(%23.7)ی کۆی دەنگی دەنگدەر، ئەگەر

دەنگی پوچەڵ دەربێنین لە کۆی ژمارەی دەنگدەر، ئەوا ڕێژەی دەنگدان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دەگاتە (36.5%) دەنگدەر، لەخشتەی ژمارە (6)و شێوەی ژمارە(4) ئاماژە بەکۆی دەنگ و کورسی وڕێژەی هەر لیستێک دەدەین، لەگەڵ پاڵپشتی جەماوەریان دەخەینەڕو وەک لەخوارەوە ئاماژەی پێکراوە.

**یەکەم: لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان:** لەم هەڵبژاردنەدا بەیەک لیست بەشداری لەپرۆسەکەدا کرد بە (27) کاندید لە بازنەکانی هەرێمی کوردستان، توانی (576.300) دەنگ بەدەستبهێنێت، بەڕێژەی (48.2%) دەنگی لیستەکان، لەکۆی ژمارەی کورسیە تەرخانکراوەکان کە (44) کورسیە بۆ ئەم سێ پارێزگایەی هەرێمی کوردستان، توانی (20) کورسی بەدەستبهێنێت، بەپلەی یەکەمی لیستە بەشداربوەکان هەژماردەکرێت، بەڵام لەسەر ئاستی کۆی پرۆسەکە کە پارێزگاکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە توانی (32) کورسی بەدەستبهێنێت. ناوچەی پشتیوانی ئەم لیستە بازنەکانی هەردو پارێزگای هەولێرو دهۆکە، هۆکارەکەشی بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێنەوە:

1- بونی توانایەکی بەهێزی دارایی و بەکارهێنانی لەبەرژەوەندی خۆی و پوکانەوەی ڕکابەرەکانی لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا.

2- سود وەرگرتن لە بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی حکومەت و جومگەکانی و بەکارهێنانی لەبەرژەوەندی حزبی و بەهێزکردنی.

3- بونی دەزگایەکی بەهێزی ڕاگەیاندنی حیزبی و سێبەر کە پشتیوانی ئەم پارتە دەکەن.

4- بونی یەکدەنگی و یەکریزی و پرەنسیپی حزبایەتی و ناوەندێکی بەهێز لەبڕیاردان و جێبەجیکردنی ئەرکە حزبیەکانیان و کۆکردنەوەی دەنگ و بەشداری هەڵبژاردنەکان.

**دوەم: لیستی هاوپەیمانی کوردستان:** ئەم لیستە پێکهاتوە لە هەردو پارتی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان) لە پرۆسەکەدا بەهاوپەیمانیەتییەک چونە پرۆسەکەوەو(24) کاندیدیان لە بازنەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هەبو کە لەم ژمارەیە (6) کاندیدی بزوتنەوەی گۆڕان بو، بەڵام هیچ کام لە کاندیدەکانی ئەم پارتە نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەستبێنن، بۆیە لەم هەڵبژاردنەدا شکستی گەورە بەر ئەم پارتە کەوت، لیستی هاوپەیمانی لە پلەی دوەمی ڕیزبەندی لیستەکان دێت، توانی (224.804) دەنگ لەسەر ئاستی کۆی بازنەکانی هەرێمی کوردستان بەدەستبهێنێت، بەڕێژەی (18.8%) دەنگی لیستەکان، کە توانی (11) کورسی مسۆگەر بکات، بەڵام لەسەر ئاستی کۆی پارێزگاکانی تری عێراق توانی(17) کورسی مسۆگەر بکات. ناوچەی پشتیوانی دەنگی ئەم لیستە زیاتر پارێزگای سلێمانییە، چونکە شوێنی نفوزی دەسەڵات و قەڵەمرەوی ئەم لیستەبوە لەسەرەتای دروستبونی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

ئەم لیستە نەیتوانی وەک پێویست کورسی بەدەستبهێنێت بەتایبەت (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

1- بونی کۆمەڵێک ناکۆکی و کێشەی ناوخۆیی لەناو ئەم حزبەو چارەسەرنەکردنیان پێش دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن.

2- نەبونی دادپەروەری لە دابەشکردنی داهات و قۆرخکردنی دەسەڵات و خراپ بەکارهێنانی و ئاراستەکردنی لەبەرژەوەندی لایەنێکی دیاریکراو پوکانەوەی بەرامبەرەکەی بەمەبەستی سیاسی، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

3- ململانێیەکی چڕی حزبی لەنێوان بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی ساڵانێکی دورودرێژو ئەنجامدانی چەندین خۆپیشاندانی بەردەوام لەم شارەو قەزاو ناحیەکانی و کوژران و بریندابونی خەڵک و وەستانی جوڵەی ئابوری و بازاڕو داخستنی دوکان و شەقامەکان، کەبوە هۆی دواکەوتنی خزمەتگوزاری و پێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوەی و دورکەوتنەوەی وەبەرهێنان و بەڵێندەران، کەدواتر هەردو لا باجەکەیاندا، بەتایبەت بزوتنەوەی گۆڕان.

4- بونی کەشێکی ئازادو جیاواز بەراورد بە پارێزگاکانی تر کە وایکردوە دەنگی ئازاد و ڕۆژنامەو چەندین حزب و بزوتنەوەو لایەنی سیاسی و سەربەخۆو ڕێکخراو و کۆمەڵەی ئۆپۆزیسیۆنی تێدا لەدایکبێت و کاروچالاکی ئەنجام بدەن. ئەمەش وایکردوە جۆرێک لەپەرتبونی دەنگەکانی لێبکەوێتەوە.

5- نەبونی کارگێڕیەکی بەهێز لەبەڕێوەبردن و چاودێریدا.

**سێیەم: لیستی نەوەی نوێ:** ئەم لیستە بە (12) کاندید بەشداری هەڵبژاردنەکەی کردو توانی (**216.227**) دەنگ بەدەستبهێنێت، بەڕێژەی (**18.1%**) دەنگی لیستەکان، کە توانی (8) کورسی بۆخۆی مسۆگەربکات، لە ڕیزبەندی پلەی سێیەمی لیستە بەشداربوەکانی بازنەکانی هەرێمی کوردستان دێت، ناوچەی بەهێزی پاڵپشتی ئەم هێزە پارێزگای سلێمانییە پاشان پارێزگای هەولێر دێت، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا نەیتوانی هیچ کورسییەک لە پارێزگای دهۆک بەدەستبهێنێت.

سەرکەوتن و پێشکەوتنی ئەم لیستە بەماوەیەکی کەم لە دروستبونی و بەدەستهینانی ئەم ڕێژەیە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

1- بونی تورەییەکی زۆر لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەتایبەت بەرامبەر هەردو پارتی دەسەڵاتدار، لەهەنبەر ئەو کێشەو گرفتانەی هاوولاتیان و گەندەڵیەکی زۆر لەبەڕێوەبردن و نەبونی شەفافیەت و بەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاری و هەژاری و کەمی خزمەتگزاری و کۆچی گەنجان و بێ هیوا لەدوارۆژو ئایندەیان.

2- بونی ڕاگەیاندنێکی بەهێز بەناوی ئۆپۆزیسیۆن، پشتیوانی ئەم لیستەو کاندیدەکانی دەکرد.

3- بێهیوابونی دەنگدەران لەپارتەکانی تری ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەت بزوتنەوەی گۆڕان.

4- ناڕەزایی و تورەیی خەڵک لەپارتە دەسەڵاتدارەکان و بێ هیوابون لەباشترکردنی ژیانیان و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان و گێڕانەوەی مافەکانیان و گەیاندنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەکەناریکی ئارام.

**چوارەم: یەکگرتوی ئیسلامی:** هەرچەند ئەم حیزبە وەک لیست ناوی تۆمارنەکرابو لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، تەنها کاندیدەکانی تۆمارکردبو، بەڵام دوای سەرکەوتنی (4) کاندید لەکۆی (6) کاندید کە پێشکەشی کردبو، لە ئەنجومەنی نوێنەران وەک فراکسۆنی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان پەلەمانتارە دەرچوەکانی کۆکردەوە، ئەم حیزبە لە پلەی چوارەمی پارتە بەشداربوەکانی هەرێمی کوردستان هەژمار دەکرێت، توانی (**107.965**) دەنگ لە پرۆسەکە بەدەستبهێنێت، بەرێژەی (9%)ی دەنگی لیستەکان، ناوچەی پشتگیری ئەم پارتە لەم پرۆسەیەدا پارێزگای دهۆکە، لەکۆی ئەو دەنگەی بەدەستیهێنابو، بەرێژەی (75.2%)ی دەنگەکانی لەو پارێزگایەدابو، دوای ئەو پارێزگای هەڵەبجە پشتیوانیەکی باشی کاندیدەکەیان کرد، بەڵام ئەم پارێزگایە لەم پرۆسەدا وەک بازنەی (3)ی پارێزگای سلێمانی ناسێنرابو، لە پارێزگای هەولێر هیچ کورسییەکی بەدەستنەهێنا.

**پێنجەم: کۆمەڵی دادگەری:** ئەم پارتە جوڵانەوەیەکی ئیسلامی سیاسی هەرێمی کوردستانە، لە(2001/5/30) لەئەنجامی جیابونەوەیان لە بزوتنەوەی ئیسلامی دروستبو، سەرەتا ناوی کۆمەڵی ئیسلامی بو (حسن، 2012، 46)، بەڵام لەکۆتا کۆنگرەیان کە کۆنگرەی چوارەمە، لەساڵی 2021 لەشاری سلێمانی بەسترا، ناوی گۆڕا بۆ کۆمەڵی دادگەری و پاشگری (ئیسلامی) لەناوەکەی کردەوە، ئەم پارتە بە لیستێکی سەربەخۆو پێشکەشکردنی (5) کاندید لە پرۆسەکە بەشداریکرد، توانی (**64.025**) بەدەستبهێنێت، بەرێژەی (**5.4%**)ی لیستەکان، کە تەنها یەک کورسی لەبازنەی(4)ی پارێزگای سلێمانی بەدەستهێنا.

**شەشەم: سۆشیالیست دیموکرات:** ئەم پارتە لەزۆربەی بازنەکانی هەرێمی کوردستان بەشداریکردو کاندیدی هەبو، توانی (**5.997**) دەنگ بەدەستبهێنێت، بەرێژەی (0.5%)ی دەنگی لیستەکان، لەکۆی بونی (15) کاندید، نەیتوانی هیچ کاندیدێک سەربخات بۆ ئەنجومەنی نوێنەران.

هەریەک لەم سێ لیستە دەنگ و کورسی کەمیان بەدەستهینا لەهەڵبژاردنەکەدا، دەگەرێتەوە بۆ:-

1. یاسای فرەبازنەیی لەهەڵبژاردن؛ لەبەرژەوەندی حزبی بچوک نیە، چونکە لەدەنگی زۆرینەوە دێتەخوارو لیستی کەم دەنگەکان بێبەش دەکات لەبەدەستهێنانی کورسی. بۆ نمونە لیستی کۆمەڵی دادگەری بەدەنگێکی زۆرەوە تەنها (1) یەک کورسی پارلەمانی بەدەستهێنا لەیەک بازنەی هەڵبژاردن لەبەرامبەردا لەبازنەکانی تر دەنگەکانیان بەهۆی بونی دەنگی بەرزتر سوتا.
2. دەرکەوتنی لیستی نەوەی نوێ گورزی گەورەی لەو حزبانەداو سەرنجی خەڵکی ناڕازی بۆخۆی ڕاکێشا، توانی دەنگی بزوتنەوەی گۆڕان و ئەوانەی لەدەسەڵات ناڕازین بۆخۆی بەرێت.

3. کەمی سەرچاوەی داهات وبەڕێوەبردنی کاروبارو پرۆژەی حزبی و هاوکاری بۆ خەڵک و ئەندامەکانیان.
4. ڕاگەیاندنەکانیان وەک پێویست نەیتوانیوە دەنگ و پشتیوانی بۆ حزبەکانیان کۆبکاتەوە.
5. ڕێگری و بەرتەسکردنەوەی ئازادی کارکردن بۆ ئەم حزبانە لەلایەن پارتە دەسەڵاتدارەکان بەتایبەت بۆ هەردو پارتە ئۆپۆزسیۆنە ئیسلامییەکە، بەگرتن و ئازاردان و سزادانیان لەزیندانەکان بەناوی جیاجیای ئاسایشی نەتەوەیی و تێپەڕاندنی سنوری دیمۆکراسی و نیشتمانی.
6. جۆرێک لەپەرتبون و ناتەبایی و نەبونی یەکدەنگی و پرۆژەی هاوبەش لەنێوان حزبە ئیسلامییەکان.

خشتەی ژمارە(6)ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسی بەدەستهاتوی هەریەک لە لیستە بەشداربوەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 2021

| ژمارە | لیست | پارێزگا: هەولێر ژ.دەنگ | هەولێر (%) | سلێمانی ژ.دەنگ | سلێمانی (%) | دهۆک ژ.دەنگ | دهۆک (%) | کۆی گشتی دەنگەکان: ژ.دەنگ | ڕێژە (%) | ژ.کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پارتی دیموکراتی کوردستان | 259.866 | 59.9 | 54.891 | 14.7 | 261.543 | 67.2 | 576.300 | 48.2 | 20 |
| | هاوپەیمانی کوردستان | 58.104 | 13.4 | 141.660 | 38.0 | 25.040 | 6.4 | 224.804 | 18.8 | 11 |
| | نەوەی نوێ | 90.617 | 20.9 | 106.318 | 28.5 | 19.292 | 5.0 | 216.227 | 18.1 | 8 |
| | یەکگرتوی ئیسلامی | 3.945 | 0.9 | 22.876 | 6.1 | 81.144 | 20.9 | 107.965 | 9.0 | 4 |
| | کۆمەڵی دادگەری | 19.386 | 4.5 | 44.639 | 12.0 | -____ -- | ____ --__ | 64.025 | 5.4 | 1 |
| | سۆشیال دیموکرات | 1572 | 0.4 | 2514 | 0.7 | 1911 | 0.5 | 5.997 | 0.5 | 0 |
| کۆی گشتی | | 433.490 | 100 % | 372.898 | 100 % | 388.930 | 100 % | 1.195.318 | %100 | 44 |

سەرچاوە: کاری توێژەران، بەسودوەرگرتن لە داتای فەرمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکانی عێراق 2021.

شێوەی ژمارە(4)ڕێژەی دەنگی لیستە بەشداربوەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە کۆی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان




سەرچاوە: کاری توێژەران، بەسودوەرگرتن لە خشتەی ژمارە(6).

**6- کورسی کۆتای کریستیانەکان لە هەردو پارێزگای هەولێر و دهۆک**

دابەشبونی کورسی پێکهاتە ئاینییەکان لە عێراق، لەکۆی(329) کورسی، تەنها (9) کورسییان بۆ تەرخانکراوە، ئەم کورسیانە بەپێی بونی ژمارەی پێکهاتەکانی (کریستیان، ئێزیدی، صابئەی مەندائی، شەبەک، کوردی فەیلی) دابەشـــی ســـەر پارێزگاکانی (بەغداد، نەینەوا، کەرکوک، هەولێر، دهۆک، واســـت) کراون، بەم پێیە بۆ(12) بازنەکەی هەرێمی کوردستان تەنها(2) کورسی بۆ پێکهاتەی (کریستیان) تەرخانکراوە، لەهەریەکە لە پارێزگای هەولێرو دهۆک، ژمارەی لیســـتە کریســـتیانەکان لە پارێزگای هەولێر بریتییە لە (6) لیســـت و (2) کاندید بۆ بەدەســـتهێنانی یەک کورســـی، لە پارێزگای دهۆک (5) لیســـت و (1) کاندیدی ســـەربەخۆ ململانێیان بۆ کورســـییەکەی ئەم پارێزگایە دەکرد، هەرچەند دەنگدەر لەهەر بازنەیەکەوە لەو (83) بازنەی عێراق دەیتوانی دەنگ بدات بەهەریەک لە کاندیدی کۆتاکان، بۆنمونە دەتوانرا لە پارێزگای موســـڵ دەنگ بدرێت بۆ کاندیدێکی کۆتای مەسیحی لە نەینەوا یان هەولێر (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، 2021).

**7- ئەنجامەکان:**

لەکۆتاییدا توێژینەوەکەدا بەچەند ئەنجامێک گەشتوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. ژمارەی دەنگدەرانی ئەم هەڵبژاردنە دەگاتە (3.277.551) دەنگدەر، کە (1.566.682) دەنگدەر بەشداریان لە پرۆســەکەدا کرد، بەرێژەی (47.8%)، ئەگەر دەنگی پوچەڵ لە ژمارەی کۆی گشــتی دەنگدەر دەربکرێت، ئەوا دەکاتە (36.5%) ڕێژەی بەشداری ڕاستەقینە.

2. بەرکەوتەی هەریەک لەو لیستانەی کورسیان بەدەستهێناوە لە کۆی گشتی هەر (12) بازنەکەی هەرێمی کوردستان کە بریتییە لە (44) کورسی، پارتی دیموکراتی کوردستان توانی (20) کورسی بەدەستبهێنێت، بەپلەی یەکەم دێت، دوای ئەو هاوپەیمانی کوردستانی کە (11) کورسی بەدەستهێنا لەپلەی دوەم دێت، پاشان نەوەی نوێ بەبەدەستهێنانی (8) کورسی پلەی سێیەمی بەرکەوت، یەکگرتوی ئیسلامی (4) کورسی و کۆمەڵی دادگەریش تاکە(1) کورسی بەدەستهێنا.
3. ڕێژەی بەشدارینەکردنی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم هەڵبژاردنە بریتییە لە(1.566.682) لە کۆی (3.277.551) دەنگدەر، کە دەکاتە بەڕێژەی (47.8%) بەشداریان نەکرد لەپرۆسەکە.
4. لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا ژمارەیەکی زۆر دەنگ پوچەڵ بو، کە ژمارەکەی (371.364) دەنگە، بەڕێژەی (23.7%) ، ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت ئەو دەنگدەرانەن کە بێ ئومێدبون لە پرۆسەی هەڵبژاردن، یاخود هیچ کام لە لیستەکان دڵخوازی ئەوان نەبون.
5. تێگەیشتین لە سیستمی فرەبازنەیدا نوێنەرایەتی جوگرافی زیاتر بەرجەستە دەبێت و یەکسانی تێدا دەبێت و دەتوانییت بە ئاسانتر بگەیت بەنوێنەری هەڵبژێردراوت.
6. دابەشکردنی هەندێ لە بازنەکانی هەڵبژاردن ڕەچاوی پێوەری ستانداردو قەبارەی دانیشتوان و ڕوبەری جوگرافی نەکراوە، ئەمەش گومان دروست دەکات کە بۆ بەرژەوەندی پارتێک یان چەند پارتێک ئەم کارە کرابێت، نمونە بازنەی(2) دوی پارێزگای هەولێر.
7. لەم هەڵبژاردنە بزوتنەوەی گۆڕان نەیتوانی هیچ کورسییەک بەدەستبهێنێت
8. دەرکەوت سیستمی فرەبازنەیی لەبەرژەوەندی پارتە بچوکەکاندا نییە، ئەگەر بەبێ هاوپەیمانی بچنە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە. لەسیستمێکی ئاوادا، کە هەرکاندیدێک لەوبازنەیەی تێیدایە زۆرترین دەنگ بەدەستبهێنێت سەردەکەوێت، ئەوا دەنگە پەرتبوەکان کە کەمن و ناتوانن ڕکابەرەی دەنگی لیستە گەورەکان بکەن، بەمەش کاندیدی پارتە بچوکەکان سەرناکەون، بۆنمونە دەنگێکی زۆری (کۆمەڵی دادگەری) بەفیرۆچو، بەهۆکاری پەرت و بڵاوی دەنگەکانی لەبازنەکان.
9. لەم هەڵبژاردنەدا هەردو پارێزگای هەولێرو دهۆک پارتی دیموکرات زیاتر لە (50+1)ی دەنگی بەدەستهێنا، کە بەڕێژەی (59.9%)ی هەولێرو بەڕێژەی (67.2%) دەنگی لیستەکانی دهۆکی بەدەستهێنا.
10. یەکێتی نیشتیمانی پلەی یەکەمی بازنەکانی سلێمانی بو، بەڵام نەگەیشتە ڕێژەی (50+1).
11. بەپێی ئەنجامی دەنگەکان لەسەر هەرێم، نرخی هەر کورسییەک بە تێکرا، دەگاتە (27.166) دەنگ.

## 8-ڕاسپاردەکان:

1. ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی کە سودی بۆ وڵات هەیە، بەتایبەت بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، تا لەڕێگەیەوە قەبارە و پێکهاتەی دانیشتوان بزانرێت، نەک هەمیشە بەداتای خەملێنراو ژمارەی دانیشتوان بخرێتەڕو.
2. دروستکردن و نوێکردنەوەی تۆمارێکی ڕێکوپێک بۆ هەڵبژاردنەکان، لەلایەن دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان.
3. بۆ دروستکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن، پێویستە ڕەچاوی پێوەری ستانداردو قەبارەی دانیشتوان و ڕوبەری شوێنەکان بەهەند وەربگیرێت، نەک بەشێوەیەک دابڕێژرێت گومان دروست بکات کە بۆ بەرژەوەندی پارتێک یان چەند پارت و کاندیدێک سنوری بازنەکان دیاری بکرێن.
4. سەرچاوەی دارایی هەرپارتێکی بەشداربو ڕون و شەفاف بێت، لێپرسینەوە لەداهاتیان بکرێت.
5. زیاتر کاربکریت بۆ بانگێشتکردن و بەشداریپێکردنی چاودێرانی بیانی بەمەبەستی چاودێریکردنی پرۆسەکانی هەڵبژاردن و پیشاندانی وڵات لەئاستێکی بەرزی بەرێوەبردنی پرۆسەکەدا، تا ببیتە فشارێک بۆ ئەو پارتانەی نیەتی ساختەکاریان هەیە.
6. ئازادی ڕەها دابینبکرێت بۆ گشت لایەن و پارت و حزبە سیاسیەکان و دەنگدەران.
7. بەکارهێنانی ئامیرو تەکنەلۆژیای پێشکەوتو لەپرۆسەکە بەمەبەستی زیاتر ڕێگری لە فێڵ و زیادکردنی ژمارەی دەنگ بۆ لایەنیکی دیاریکراو.

# A Geographical Analysis of the Parties' Votes in the Electoral Districts of Kurdistan Region for the 2021 Election of the Council of Representatives of Iraq

**Pshtiwan Ahmed Hamad[1] - Yadgar Abdullah Ali[2]**

[1]Koya technical institute Erbil Polytechnic University Koya, Kurdistan Region- Iraq.

[2]Geography Department, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The geography of election investigates the results of election, the distribution of electoral circles, voters, census, voter registration, electoral law, and any other geographical factors that directly or indirectly affect the election process. This type of geography is to analyze the voting for the participating parties and candidates in the process. The significance of the present paper is due to its investigation of the election which was brought forward and was a response to the requirements of Iraqi 2021 protests. Additionally, for the first time, it was held in the system of multiple electoral circles in Iraq and Iraqi Kurdistan Region. The election also witnessed a change in the number of circles to reflect greater geographical representation. Consequently, the study explores the influence of changes in the number of election circles on the whole process, people's participation rate, the voting distribution for the parties, and the difference between each circle's boundaries and the related areas. Additionally, the study aims at identifying the feasibility of having multiple circles system in the elections and analyzing the increase and decrease trends of the voters' voting to the participated parties, the parties' parliament seats, and how these votes are and will be distributed. To analyze the data, the researchers used both spatial and analytical analysis methods. The research findings reveal that a large number of people (48%) did not go to vote on the election day, the number of spoilt ballots was considerably high, and in the system of multiple electoral territories, there is more geographical representation and equality.

**Keywords:** Voter Registration, Spoilt Ballots, Electoral Circles, Voter, Polling Station.

**سەرچاوەکان:**

جەمال، ئارام ، و محمد، دەرباز. (2014). سیستمەکانی هەڵبژاردن و شێوازی دابەشکردنی کورسی. تألیف سیستمە کانی هەڵبژاردن و شێوازی دابەشکردنی کورسی، سلێمانی: ڕەهەند.

بارام، حسن. (2012). مەوسوعەی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق1908-2005. سلێمانی: چاپخانەی ڕەهەند.

البرزنجي، سەرهەنگ حمید. (2003). انتخابات اقلیم کوردستان العراق بین النظریة و التطبیق. اربیل: مطبعة وزارة التربیة.

محمد، جاسم، و العلي، کرم. (1999). تحدید الدوائر الانتخابیه لدوله الکویت، باستخدام نظم المعلومات الجغرافیة.

رؤوف، محمد. (2013). هەڵبژاردن لە کوردستان(1992-2010). تألیف هەڵبژاردن لە کوردستان(1992-2010). سلێمانی.

حوسێن، ئەنوەر. (2003). خوێندنەوەیەک بۆ مەسەلەی گۆڕانکاری سیاسی لەعێراقدا. سلێمانی: بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری.

محمد، خلیل اسماعیل. (1999). اقلیم کردستان العراق، دراسات في التکوین القومی للسکان. اربیل: مطبعة زانکو.

فتح الله، سەفین جەلال، ڕەسول، ڕێبین ڕۆستم. (2016). جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیای نێوان ساڵانی 2011- 7 حوزەیرانی 2015. ڕانیە.

فتح الله، سفین جلال . (2017). جوگرافیای هەڵبژاردن، دەروازەیەک بۆ سیستم و بنەما و مەرجەکان و شێوازی ئەژمارکردنی دەنگ و بازنەکانی هەڵبژاردن. سلیمانی: چوارچرا.

عوسمان، نەوزاد. (2012). خێڵ و نەتەوە لە تەرازوی دەسەڵاتی سیاسی کوردی. سێمانی: چاپخانەی پیرەمێرد.

دەستوری عێراق، مادەی 49. (2005). بەندی سێیەم، بڕگەی یەکەم.

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان. هەولێر(2020).

یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق(ژمارە 9ی ساڵی2020). (2020). وەقایعی عێراق، بەشی چوارەم، مادەی 13.

الامم المتحده حقوق الانسان. (2020). تم الاسترداد من الامم المتحده حقوق الانسان: https://www.ohchr.org/ar/udhr/Pages/UDHRIndex.aspx

دەستوری هەمیشەیی عێراق، بەندی پێنجەم، مادەی(117). (2005). بەغداد.

کوردستان، دەستەی ئاماری هەرێم، وەزارەتی پلاندانان، یەکەکارگێڕیەکانی هەرێمی. (2007).

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن. (7 6، 2021). https://ihec.iq/seat_distribution/.

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان. (15 11، 2017). تاریخ الاسترداد 29 1، 2022.

وزارة التخطیط، الجمهوریة العراقیة. (1994). الجهاز المرکزي للاحصاء، المجموعة الاحصائیة السنویة 1994. بغداد.

وزارة الموارد المائیة. (2008). الهیئة العامة للمساحة، خریطة العراق الاداریة، بغداد.